# پرێسی زەرد - Yellow Press

## مێژووی سەرهەڵدان و قۆناغی ئێستای
## ( پرێسی کوردی و سوێدی وەك نموونە )

**د. مەغدید خدر ئەحمەد سەپان**
**زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی ئاداب – بەشی ڕاگەیاندن**
**هەولێر** – 2010

### پێشەکی:

لەپاش راپەرینی بەهاری 1991، لە کوردستان دەرگای مەزن بۆ راگەیاندنی ئازاد کرایەوە و بۆ یەکەمجار کورد لە مێژووی خۆی، لە یەك کات و لەیەك شار، توانی ببێتە خاوەن کۆمەڵێك ڕۆژنامە و گۆڤار، ئێزگەی رادیۆ و کەنالی تەلەفزیۆن، لە ڕێگای ئەم دەزگا حزبییانەی ڕاگەیاندنیشەوە، تواندرا کادری نوێ پەروەردە بکرێ و ڕێگا بۆ ڕاگەیاندنی ئەهلی خۆش بکرێ. ئەم هەنگاوانەی سەرەوە، زەمینەیەکی لەباریان بۆ لەدایکبوونی پرێسی زەرد لە کوردستان رەخساند.

هەبوونی پرێسی زەرد لەهەر ولاتێك، دەکاتە ئەوەی، لەو وڵات هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێ و کەم تا زۆر سیستێمی دیموکراتییەت بۆ بەرێوەبردنی وڵات پەیرەو دەکرێ و رۆژنامەنووس ناترسێ، گوتاری رەخنەگرانە دژ بە دەستەڵات و حزب و حکومەت بنووسێ.

**توێژینەوەی ئێمە بەناوی:** (پرێسی زەرد – Yellow Press مێژووی سەرهەڵدان و قۆناغی ئێستای) هەوڵێکە و جاری یەکەمە لە ڕۆژنامەگەریی کوردی بەو شێوە تێرییە لەسەری دەنووسرێ.

گرنگی ئەو بابەتە لەوەدایە، بابەتێکی هەنووکەییە و بۆ ڕاگەیاندنی کوردی زۆر پێویستە بەتایبەتیش، کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەی زانستی یان گوتاری درێژ لەسەر پرێسی زەرد بەزمانی کوردی بڵاونەکراونەتەوە. **ئامانج لەم توێژینەوە:** خزمەتکردنی ڕۆژنامەنووسی کوردییە و هەنگاوێکی باشە بۆ بە پسپۆر کردنی.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. لە بەشی یەکەم، تیشك خراوەتە سەر مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی پرێسی زەد لە جیهاندا. لە بەشی دووەم باس لە مێژووی پەیدابوونی پرێسی زەرد لە کوردستان دەکات. لێرە باس لە ناوەڕۆکی سێ بڵاوکراوەی کوردی: (هەفتەنامەی رووداو)، (رۆژنامەی هاوڵاتی) لەگەڵ (گۆڤاری لڤین) دەکات. هەر لە بەشی دووەم، بۆ زیاتر تێگەیشتن لە پرێسی زەرد، وڵاتی سوێدمان وەك نموونە هێناوەتەوە. لەوێندەر دوو رۆژنامە AFTONBLADET لەگەڵ SVENSKA DAGBLADET باس کراون و سوود لە ناوەڕۆکیان وەرگیراوە.

**مێتۆدی تیۆریای شیکردنەوەی رۆژنامەگەری**، لەم توێژینەوەیە بەکار هاتووە و بۆ نووسینیشی سوود لە کۆمەڵێك سەرچاوەی گرنگ بە زمانەکانی: روسی، سوێدی، ئینگلیزی و کوردی وەرگیراوە و ئەو نموونانەی بەکار هێندراون، هەموویان لە زمانی یەکەم، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی سوێدی وەرگیراون.

## بەشی یەکەم

## مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی پرێسی زەرد

### 1-1 پێناسەی پرێسی زەرد:

**پرێسی** زەرد – Yellow Press – **تابلۆید:** بە رۆژنامەگەری زەرد، ڕاگەیاندن یان میدیای زەردیش بەناوبانگە. جیاوازی راگەیاندنی کلاسیك لەگەڵ پرێسی زەرد لە: ناوەڕۆکی بابەت، چۆنێتی داڕشتنی تێکست، دانانی سەردێر، وێنە، هەڵبژاردنی بابەت، گوتار و نەخشەسازی تایبەتە، بۆئەوەی زۆرترین دانە و ژمارەی لێبفرۆشترێ و تیراژی رۆژنامە یان ئەو گۆڤار بەرزبکرێتەوە، ئەگەرچی بەردەوامیش هەواڵ و ڕووداو و کارەساتەکان زیاد لە پێویست گەورە دەکرێن و زەق دەکرێنەوە.

**پرێسی زەرد:** زاراوێکە بەو رۆژنامانە – **هەواڵنامانە**– (رۆژنامە و گۆڤار) دەوترێ، کە تایبەتمەندە لە بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی **هەژێن**، بێ گوێدانە بەهای بەلای مرۆڤەوە، ئەو دەنگوباسانەیە کە گفتوگۆ لەئارەزوو بازییەکانی مرۆڤ دەکات، بۆیە تەنها بایەخ بە ئابڕو بردن و دەنگوباسی رەگەزبازی و تاوان و ژیانی زۆر تایبەتیی ناسراوان دەدات. "1"

**پرێسی زەرد:** باس لە سێکس، کوشتن، خۆهەڵکێشان، باسکردنی ژیانی تایبەت لەگەڵ ئەو بابەتانەی خەڵك ئارەزووی خوێندنەوەیان دەکات، بێئەوەی بیر لە لایەنی ئەخلاقی یان کەموکورتییەکان بکرێتەوە، لەسەر لاپەرەکان، وەك پرێس زەرد ناسران و بڵاودەکرانەوە و لەبازاڕ دەفرۆشتران. "2"

**پرێسی زەرد:** زۆر لەو مێتۆدانەی بۆ وەدەستهێنانی زانیاری و نووسین کەلە کۆتایی سەدەی نۆزدە بەکار دەهات و لە پرێسی زەرد بڵاودەکرانەوە، گومانی پشتگوێخستنی لایەنی ئەخلاقییان لێدەکرا. بەتایبەتیش بابەخدان بە هەواڵ و زانیاری ئاراستەکراو بۆ بیر و هۆش و سەردێرە زەق و بەترسەکان."3"

**پرێسی زەرد:** راگەیاندنێکی کۆنەپەرستانەی بورژوازی پڕفرۆشە، بە ئامانجی وەرگرتن و بڵاوکردنەوە و بەدواداچوونی هەواڵ و زانیاری ئاراستەکراو (سێنساسیۆن)ی، ناراست و دروستکراو، کرۆنیکای حەیابەر (سکانداڵی)، شێواندنی فاکت، تایبەت بە ژیانی تایبەتی خەڵکی بەناوبانگ لە کۆتایی سەدەی نۆزدە لە ئەمریکا لە ساڵی 1895 لە رۆژنامەکانی نیۆ یۆرک پەیدابوو. "4"

**پرێسی زەرد:** بریتییە لە بەکارهێنانی راپۆرتی بریقەدار و وروژێنراو بۆ راکێشانی سەرنجی خۆێنەر و زیادکردنی تیراژ. زاراوەکە لە لە 1890 دا بۆ وەسفکردنی پێشبڕکێی نێوان دوو رۆژنامە لە نیۆ یۆرک، (World) و (Journal) داهێنراوە. هەندێ لە تەکنیکەکانی لەلایەن ئەم دوو رۆژنامەیەوە بەکارهێنراون، بوون بە سیمایەکی راستەقینە و دایمی رۆژنامەنووسی، لەوانە دانانی سەردێڕە گرافیکییەکان(banner headlines)، کۆمیکی رەنگی(colored comics)، و وێنەی زۆر. "5"

**پرێس زەرد:** ئەم جۆرەی رۆژنامەنووسی لە دەیەکانی( 1890– 1880 ) لە لە ئەمریکا پەرەی سەند بەڵام ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاپەمەنی بچوک کە بەنموونە رۆژنامەی (New York Sun) ناسراوە و لەلایەن (Benjamin Day) لە ساڵی 1833ەوە بڵاوکراوەتەوە. ئامانجەکەی خوێنەری، خوێندەورای چینی کرێکاری ئەمریکا بوو. پرێسی زەرد، بە ناوەرۆکە پڕسۆز و وروژێنەرەکەی لەرۆژنامەکانی دیکە دەناسرێتەوە، بەسەختی لەگەڵ ئەو رۆژنامانەی لەسەر مەنتیقی بوون و میانەرەویی جەخت دەکەنەوە، ناتەبایە و وەك پێشڕەوی رۆژنامەنووسیی قەبارە بچوکی وێنەیی (tabloid) دادەنرێ. "6"

لەناو رۆژنامەنووسان، ئەم جۆرە راگەیاندنە زۆر جار بە راگەیاندنی سوك و ناپسپۆر لەقەلەم دەدرێ، چونکە بە ئەنقەست زۆر باس لە: خوێن، سوتان، وەرگەڕان، دزی، خۆفرشی، گەندەڵی، سێکس، تەشکپیش (خیانەتی زەوجی)...هتد دەکات. ئەمجۆرە

نووسینانە لەسەر بابەتەکانی سەرەوە لە زۆر لە وڵاتانی جیهان زیاتر لە ڕۆژنامەی ئێواران و قەبارەی تابلۆید بەرچاو دەکەون.

## 2-1 سەرهەڵدان و خەسڵەتەکانی پرێسی زەرد:

مێژووی پەیدابوونی پرێسی زەرد، لەگەڵ penny - press (پرێسی – یەك پێنی) لە سەرەتای ساڵەکانی 1830 سەریهەڵدا. یەك پێنی، نرخی دانەیەك ڕۆژنامە بوو، کە بۆ ئەوکاتی ئەمریکا زۆر نەبوو، چونکە پێشتر نرخی ڕۆژنامەکان زۆر گرانتر بوون. بابەتی ئەمجۆرە ڕاگەیاندنە نوێیە بۆ یەکەم جار و لە مێژووی ڕاگەیاندن، لە سییەکانی سەدەی نۆزدە لە ڕۆژنامەکانی نیۆ یۆرك بەناوی:

The New York Sun, The New York Tribune, The New York Herald وەدیار کەوت. "7"

لەو ڕۆژنامانەی سەرەوە زۆر باس لە بابەتی: سێکس، کوشتن، سوتان، قەیرانە گەورەکان، جەریمە، بەکارهێنانی زەبروزەنگ، دزی و گەندەڵی، لێدان، شەڕ و ئاژاوە...هتد دەکرا. ئەو بابەتانەش، دواتر بوونە هەوێنی پەیدابوونی پرێسی زەرد.

لە ڕاستیشدا، مێژووی ڕۆژنامەگەری جیهان و قۆناغەکانی پێشکەوتنی، بە کۆمەڵێك فاکتەری زۆر گرنگ بەستراوەتەوە هەربۆنموونە: پێشکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی، زیادکردنی بەرهەم، کەمی تێچوونی کاڵا و دابەزینی نرخ، ئاسانی گواستنەوەی کەلوپەل...هتد، ئەمانە وەك زنجیرەیەکی نەپچراون، بۆ باشتر تێگەیشتن لە قۆناغەکانی پێشوەچوونی ڕاگەیاندن لەجیهاندا.

ئەگەر سەیری مێژووی چاپخانە و پێشوەچوونی ئامێرەکانی چاپیش بکەین دەبینین، لە سەرەتای سەدەی نۆزدە، کۆمەڵ پێویستی بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە زیاتر هەبووە، چونکە لەلایەك، باری ئابوری خەڵك باشتر بوو، لەلایەکی دیکەش، ڕێژەی نەخوێندەواری

کەمی کرد و بزووتنەوە لیبرالیزم لە گەشانەوە دابوو... تاکی کۆمەڵ ئازادی زیاتر وەرگرت، رۆژنامەنووسان ئازادانەتر لە رابردوو دەیانتوانی بیروڕای خۆیان دەربڕن. دروستبوونی ئاژانسی دەنگوباس و فرۆشتنی هەواڵ و بابەتی ڕۆژنامەوانی، دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤاریان زۆر ئاسانتر کرد. بازاڕی رۆژنامەگەری گەرم بوو، مونافەسەی توند لەنێوان دەزگاکان دروست بوو، بۆیە پێشکەوتنی پیشەسازی بەگشتی و داهێنانی نوێ لە چاپخانە، ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر زیادبوون و بەرزبوونەوەی تیراژی ڕۆژنامەکان.

یەکەم ئامێری خێرای چاپ لە شاری لەندەن لە ڕۆژنامەی The Times لە ساڵی 1814 بەکار هات. تا بەکارهێنانی ئەو ئامێرە نوێیە، پرۆسەی چاپکردن بە هەمان شێوەی سەردەمی (یوهان گوتنبێرگ – 1399–1468) بوو."8" تیراژی کەم و ناوەڕۆکی زیاتر بە گوتاری: سیاسی، ئابووری، بازرگانی و فەرهەنگی پڕدەکرایەوە. دەرکردنی ڕۆژنامە بەناوەرۆکی جددی و نرخی گران، کاری کردە سەر ئەوەی تیراژی رۆژنامەکان بووەستن و بەرز نەبنەوە.

دروستکردنی ئەو جۆرە ئامێرانە، کاری دەرکردنی ڕۆژنامەی زۆر خێراتر و ئاسانتر کرد بۆیە سەیرنییە، بەوەی دەخوێنینەوە لە ساڵی 1833 لە شاری نیۆیۆرك 19 هەزار دانە ڕۆژنامە لە ڕۆژێکدا دەفرۆشرا."9"

بە پەیدابوونی ڕۆژنامەی The Sun لە ساڵی 1833 لەلایەن Benjamin H. Day، بازاڕی ڕۆژنامە تەواو گۆڕدرا. ڕۆژنامەی ناوبراو لەبەر نرخ هەرزانی، تەنیا یەك پێنی بوو، بووە یەکەمین ڕۆژنامەی جەماوەری، کە خوێنەری زۆری هەبوو. ستایل (شێوەی) نووسینی ئەم ڕۆژنامەیە بەبەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەکانی سەردەمی خۆی ئاسان و ڕوون بوو. ئامانجی Benjamin H. Day لەم شێوە ڕاگەیاندنە، گەیاندنی پەیام بۆ زۆربەی هەرە زۆری جەماوەر بوو. ڕۆژنامەی The Sun لە ساڵی 1836 تیراژی گەیشتە 30

هەزار دانە."10" دوای دەرکردنی ڕۆژنامەی The Sun، لە شاری نیۆ یۆرک ڕۆژنامەی دووەم The New York Herald دەرچوو. ئەم ڕۆژنامەیە زیاتر لەسەر کێشە کۆمەلآیەتییەکان و دەنگوباسی زەق وەك: نووسینی ڕیپۆرتاژ لەسەر تاوان، سێکس، لەگەڵ نووسینی گوتار لەسەر خەڵکی بەناوبانگی ئەوکات، بازاڕی گەرمتر کرد."11" ڕۆژنامەی The New York Herald لەلایەن James Gordon Bennetts دەردەچوو. بەرزبوونەوەی تیراژی زۆر و گەیشتنی ژمارەی ڕۆژنامە بۆ زۆرترین خەڵك، بووە هاندەرێك بۆ بیرکردنەوە لە پێویستی هەبوونی یاسایەکی ڕاگەیاندن، بۆ رزگاربوون لەو شێوە ڕاگەیاندنە، بۆیە لە کلوبەکانیش، باس لە دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ باشترکردنی ڕاگەیاندن لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی پسپۆر و جددی دەکرا. ئەوانەی سەرەوە بناغەیەکی بەهێز بوون، بۆئەوەی بیر لە دەرکردنی ڕۆژنامەی زەرد بکرێتەوە.

کۆمەڵێك راوبۆچوون لەسەر ناوی پرێسی زەرد هەیە و لایەنێك لەو بڕوایەدایە، لە ڕەنگی کاغەزی زەردی ڕۆژنامە پەیدابووە."12" لایەنی دیکە لەو بڕوایەدان، پەیدابوونی پرێسی زەد لە هەبوونی گرژی لە نێوان دوو سەرنووسەر و خاوەنی ڕۆژنامە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە لەسەر چیرۆکی منداڵە زەردەکە دەستپێدەکات. ڕۆژنامەی یەکەم بەناوی The New York World لەلایەن (Joseph Pulitzer– 1847-4-10 – 29–10–1911) "13" دەردەچوو و بۆیەکەمجاریش چیرۆکی منداڵە زەردەکەی نیۆ یۆرك، لە ڕۆژنامەی ئەو بڵاوکرایەوە و ڕۆژنامە و دووەمیش بەناوی The New York World لەگەڵ گۆڤاری The New York Journal کە لەلایەن ( William Randolph Hearst – 29– 4-1863 –14-8-1951). "14" دەردەچوو.

نەخشی منداڵە زەردەکە بۆیەکەمجار لە ساڵی 1896 لەلایەن هونەرمەندی گەورەی ئەمریکی

(Richard Felton Outcault 14 کانونی دوو 1863 – 25 ئەیلول 1928) کێشرا."15" لەراستیدا ئەم منداڵە کوڕی هونەرمەند خۆی بوو.

منداڵە زەردەکە، لە سەرەتا بە ڕەنگی ڕەش و سپی لە ڕۆژنامە چاپدەکرا، بەڵام بەردەوام بە نووسین ئاماژە بە رەنگی زەرد دەکرا. منداڵە زەردەکە، تەمەنی وەك منداڵەکانی دیکەی رۆژنامەکانی سەردەمی خۆی یەك رۆژ و یەك ژمارەی رۆژنامە یان گۆڤار نەبوو، بەڵکو زۆر زیاتر بوو. بەسەیرکردنی وێنە و خوێندنەوەی کۆمێنتاری باش و گونجاو، خوێنەری دەهێنا پێکەنین، کە هونەرمەندەکانی دیکەی ئەو کات، ئەمەیان بۆ نەدەکرا، ئەمەش بوو وایکرد، کە Richard Felton Outcault بەهۆی ئەم وێنەیەوە لە تەواوی ئەمریکا ناوبانگی دەرکرد.

بۆشاییەك لە راگەیاندنی ئەمریکی هەبوو و Richard Felton Outcault لەکات و ساتی خۆی توانی زۆر پسپۆرانە پڕیبکاتەوە، بۆیەش هەر لەساڵی 1896 وە، وێنەی ئەم منداڵە زەردە بۆتە سیمبۆلی پرێسی زەرد.

نەخشی ئەم منداڵە لە شێوەی کاریکاتۆر کراوە و بەردەوام وەك زنجیرە لەرۆژنامە بڵاودەکاریەوە و خوێنەر چاوەڕێی ئەلقەی داهاتوویان دەکرد و دەیانەویست بزانن، لە ژمارەی داهاتوو چی بەسەردێت. ئەو منداڵە زەردە، لە سەر رووداو، کارەسات، دەنگوباس، بەتایبەتیش رووداوەکانی شاری نیۆ یۆرك، کە پەیوەندی بە: خەڵاتکردن، شانۆ و چالاکی فەرهەنگی...هتد هەبوو هەموو شتێکی دەزانی. لە ئەلقەکانی دوایی باسی لە: گێروگرفتی خێزانی و کوشتن و بڕینیشی دەکرد. منداڵە زەردەکە بەهۆی داهێنەرەکەیەوە، لە نیۆ یۆرك لەدایك بوو و ژیا و گەورە بوو. خەڵك تێدەگەیشت دەیزانی، لە ژمارەی داهاتوو، روداوی نوێیان بۆ باس دەکات، کە ئەو زووتر پێراگەیشتبوو بیانبینێ، ئەم جۆرە نووسینە لەشێوەی نەخش لە ڕۆژنامەکانی ئەوکات

ڕووداوێکی نوێ بوو، زنجیرەیەکی بێکۆتایی بوو. خوێنەر بەردەوام چاوەڕێی ژمارەی نوێیان دەکرد و ڕۆژنامەکەیان دەکڕی، بۆ ئەوەی بزانن لەنێوان دوو ژمارەی ڕۆژنامە ئەو قارەمانە بچووکە زەردە چی کردووە.

لە ساڵی 1896 وێنەی ئەم منداڵە بە ڕەنگی زەرد چاپ کرا وەهەر لەوکاتیش لە لایەن دوو خاوەن ڕۆژنامە Joseph Pulitzer، William Randolph Hearst چیرۆکی منداڵە زەردەکە بڵاودەکرایەوە.

لێرە گرژی لەنێوان هەردووك خاون ڕۆژنامە ڕوویدا، بەوەی کامە ڕۆژنامە مافی بڵاوکردنەوەی چیرۆکی منداڵە زەردەکەی نیۆ یۆرکی هەیە."16" William Randolph Hearst لەوکات گوتی: تاکە پێوەر و گرنگترین چۆنایەتی ڕۆژنامە، تەنیا تیراژیەتی."17"

گرفتی نێوان هەردووك ڕۆژنامە لەسەر منداڵە زەردەکە گەورە و زەق بوو، نەك تەنیا لای ڕۆژنامەنووسان، بەڵکو خوێنەرانیش هەستیان پێی دەکرد. Wordman Ervin – 1923–1865 سەرنووسەری New York Press لەسەر گرژی و گرفتی نێوان هەردووك ڕۆژنامە لە ساڵی 1896 گوتارێکی نووسی. بۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆژنامەگەری جیهان لەو گوتارەی ئەو، وشەی Yellow Press – پرێسی زەرد، بەکار هات. پاش بڵاوکردنەوەی ئەم گوتارە، ئەم ناوە کەوتە ناو فەرهەنگی ڕاگەیاندنەوە."18"

لەگەڵ ناوی William Randolph Hears بیر لە پرێسی زەرد و پەیوەندی جەماوەری (پوبلیك ریلیەشن) دەکرێتەوە. هەر ئەویش بوو، کاری زۆریکرد، بۆئەوەی وەك پێویست ڕێز لە ڕۆژنامەنووس بگیرێ. Hearst لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ دەستەی نووسەران دەربارەی ڕۆژنامەکەی گوتی: ڕۆژنامەی من، پێویستە تێیدا بنووسرێ و

بڵاوبکرێتەوە بەو شێوەی کە: کەسانی کەمخوێندەورای پەناهەندە ئارەزوو لە کڕینی بکەن و تێی بگەن، خەڵکی گێل بیخوێننەوە، سەرسەری کۆڵانەکان بیکڕن و سەرنجی هەرزەکار رابکێشیٚ."19"

William Randolph Hearst نرخی رۆژنامەی تا یەك سەنت هێناخوار و تیراژی رۆژنامەی زۆر بەرزکردەوە. هەر ئەویش کارگەی دروستکردنی هەواڵی دامەزراند و دەیویست بازرگانی بە فەزیحە (سکەنداڵ) و کێشە و گرفتی کەسانی بەناوبانگ بکات و سەرمایە بە هۆیانەوە کۆبکاتەوە.

Hearst لەکاتی خوێندنی لە زانکۆی هارڤارد، تێگەشت، کۆمەڵ پێویستی بە رۆژنامەیەك هەیە، کەلە لاپەڕەی یەکەم: هەواڵی زەق، جەریمەی گەورە، خوێن، دزی و گەندەڵی، روداوی دڵتەزێن، ژیاننامەی کەسانی بەناوبانگ، رزگارکردن و تەشکپیسی (خیانەتی زەوجی) تێدا بنووسریٚ. ئەو چاك دەیزانی، خوێندنەوە ئەم سەردێرانە، بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتانە، لە دیزانێکی جوان و دانانی وێنە لەگەڵی، سەرنجی خوێنەر رادەکێشی و بازاڕی ئەمجۆرە راگەیاندنە گەرم دەبێت.

هەر لەو سەردەم پرێسی زەرد، لە بڵاوکردنەوەی بابەت و چاپکردنی وێنە ئەوەندە دوور رۆیشت، ئەگەر لەنێوان دوو ژمارە کەس نەکوژرابا، لەوانەبوو وێنەی تابلۆیەکی شەڕ یان خوێناویان بۆ ژمارەی ئەو رۆژ دادەنا... بەم سیاسەتە، تیراژی رۆژنامەکان گەیشتنە لوتکە.

جگە لەوانەی باسکران، خەسڵەتێکی دیکەی زۆر گرنگ، کە ڕۆژنامەی زەردی پێدەناسرێتەوە، هەبوونی سەردێری ڕەش و ئەستوور و گەورەیە، کە زۆربەی جار لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەت لەیەك دوورن و یەکناگرنەوە، بەڵکو بەدانانی ئەم سەردێرە ڕەش و قەڵەوانە، دەیانەویٚ خوێنەر چەواشە بکەن و سەرنجیان بۆ کڕینی ژمارەی رۆژ ڕابکێشن.

3-1 پرێسی زەرد لە بەریتانیا:

پرێسی زەرد تەنیا لە ئەمریکا پێشنەکەوت و گەشەی نەسەند، بەڵکو لە بەریتانیا لە ساڵی 1881 هەفتەنامەیەك بەناوی Tit-Bits لەلایەن (Sir George Newnes 1851-3-13 – 1910-6-9) دەردەچوو. ئەم هەفتەنامەیە، هەمەڕەنگ بوو بابەتەکانی ناوی جددی نەبوون. ئەوان دەستیان بە بڵاوکردنەوەی بابەتی زەرد کرد، چونکە زۆرترین خوێنەری هەبوو. ئەم رەوتە لەلایەن برایانی Harold Harmsworth پەرەی پێدرا و مانگانە تیراژی Tit-Bit گەیاندە 900 هەزار دانە. هەردووك برا لەسەرەتا گۆڤاری زەردیان دەردەکرد و دواتر لە ساڵی 1888 ڕۆژنامەکانی:

«Evening News»، «Daily Mail»، «Daily Mirror» لەم شێوە نووسینە ناجددییەیان بڵاودەکردەوە."20" لەم جۆرە راگەیاندنە نوێیە، هەرزوو بەریتانییەکان وەپێش ئەمریکییەکان کەوتن، بەوەی رۆژنامەکانی ئەوان، وێنەی زیاتر و نەخشی گەورەتری تێدابوو. هەندێك لەو وێنانە، شوێنی تێکستیان گرتەوە. زۆر لە پسپۆرانی راگەیاندن لەوبڕوایەدان، وڵاتی سەرهەڵدانی پرێسی زەرد، ئەمریکا و بەریتانیایە و دوای ئەوانیش، بە سەرتاسەری جیهان بڵاوبۆوە. پرێسی زەرد، باشتر پاش جەنگی جیهانی دووەم بەرەو پێشەوە چوو."21"

پێشوەچوونی پرێسی زەرد لە هەموو وڵاتانی ئەوروپا لە یەك کات و سەردەم دەستی پێنەکرد، بەڵکو دەتواندرێ بگوترێ لەیەك کات، بابەتی زەرد، لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤارەکان دەستی پێکرد.

4-1 پرێسی زەرد لە روسیا:

لە روسیا وەك زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا، بابەتی پرێسی زەرد (نەك دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤاری زەرد)، لە زووەوە لە کۆمەڵێك دەزگای راگەیاندن و رۆژنامەکانی سەدەی نۆزدەی روسیا بڵاودەکرانەوە، وەك لە: Петербургский листок، (پێتربورگسکی لیستۆك – لاپەرەی پیتربورگ) لە ساڵی 1864 لە شاری پیتربورگ دەردەچوو. Петербургская газета، (پیتربورگسکایە گازێتە – رۆژنامەی پیتربورگ) لە ساڵی 1867 لە شاری پیتربورگ دەردەچوو، Московский листок (مەسکۆڤسکی لیستۆك – لاپەرەی مۆسکۆ) لە ساڵی 1881 لە مۆسکۆ دەردەچوو، هەروەها Газета-копейка، (گازێتە کۆپێیکە – رۆژنامەی کۆپێیك) لە ساڵی 1908 لە مۆسکۆ دەردەچوو.

ئەوانەی سەرەوە لەو سەردەم هەوڵی باش بوون، بۆ ئەوەی خوێنەری روسی لەمجۆرە نووسینە رابهێنن، لە داهاتوویێکی نزیك، روسیاش ببێتە خاوەنی پرێسی زەرد، بەڵام بە هاتنە سەر حوکمی بەلشەویك لە ساڵی 1917 و پەیرەکردنی سیستێمی سۆسیالیزم، ئەم هەوڵانە لەگۆڕ نران و هەموو راگەیاندنێکی ئەهلی قەدەغە کرا. لە یەکێتی سۆڤیێت، تەنیا یەك جۆر ڕاگەیاندن هەبوو، ئەویش حزبی بوو. کاری ئەم راگەیاندنەش تەنها پروپاگەندە بۆ پارتی کۆمۆنیست و دەوڵەتی سۆسیالیست و حکومەتی سۆڤیێت بوو. بۆ جاری دووەم لە لە روسیا رۆژنامە و گۆڤاری زەرد لەگەڵ وەرگرتنی دەستەڵات لەلایەن میخایل سێرگێییێڤیچ گۆرباتشۆڤ لە 2 مارتی 1985 وە دەستپێکرد. پەیرەوکردنی سیاسەتی گلاستنۆست و پێرێسترۆیکە (کرانەوە و بیناکردنەوە) بووە هۆی پەیدابوونی ئازادی زیاتر لە هەموو بووارەکان و بەتاییەتیش لە ڕاگەیاندن، ئەمەش وایکرد، بیر لە دەرکردنی پرێسی زەرد لە یەکێتی سۆڤیێت بکرێتەوە.

### 1-5 خەسلەتەکانی پرێسی زەرد:

- زیاتر باس لە بابەتکانی قەدەغە و نامۆ دەکات.

- رەخنەی توند دژی دەستەڵات و حکومەت و کەسانی ناودار دەنووسیَ و بڵاودەکاتەوە.

- باس لە ژیانی تایبەتی خەڵك دەکات و زۆبەی جاریش نێگەتیڤانە رووداوەکان هەڵدەسەنگێنێت.

- دەکریَ لە یەك لاپەڕە مەتریالی پێکەنیناوی و تراگێدیا بەرچاو بکەوێت. جگە لەوە رووشدەدات، لە هەمان نووسین یان بابەت، تراگێدیا و پێکەنینی تێدا بێت.

- لە پرێسی زەرد، زۆرجار بەشێوەی گاڵتەجاری باس لە مردن دەکا.

- بەشێوەی گاڵتەجاری و توند و ڕەخنەگرانە باس لە ژیانی تایبەت دەکا.

- زۆر بایەخ بە ژیانی تایبەتی خەڵك لە دەرەوەی کار دەدا.

- پرێسی زەرد، بەهیچ شێوەیەك بیر لە ئەخلاقی راگەیاندن ناکاتەوە، بە پێچەوانە پرێسی جددی زۆر بایەخ بە لایەنی ئەخلاقی ددات.

- پرێسی زەرد شتی زۆر بچووك زۆر گەورە دەکات بایەخ بە بەزمنانەوە یان نووسینی ئاراستەکراو (سێنساسیۆن) دەدات.

- پرێسی جددی، هەوڵدەدات، زۆرترین زانیاری لەسەر بابەتی کۆمەڵایەتی، رۆژانە، کەلە ژیانی رۆژانەی خەڵك نزیکە بڵاوبکاتەوە، بەڵام پرێسی زەرد هەوڵدەدات، زانیاری خۆش بۆ کات بەسەربردن بڵاوبکاتەوە.

- پرێسی زەرد، بایەخ بەو بابەتانەی سەرەوە لە رۆژنامە یان گۆڤاری خۆیان دەدات، تەنیا بۆ ئەوەی تیراژیان بەرزبێت و دەستکەوتی ماددیان زیاد بکات، بەتایبەتیش کە دەبینن بازاڕی ئەمجۆرە پرێسە هەیە و گەرمە."22" ئەم شێوە نووسین و جۆرە بابەت

بەرزکردنەوەیە، لەگەڵ نەخشەسازییە تایبەتییەکەی، بۆتە هۆی ئەوەی جەماوەر کەمتر متمانە بە رۆژنامەو گۆڤارەکانی زەرد بکا.

بەشێوەیەکی گشتی، متمانە کردن بە پرێس، رادیۆ و تەلەفزیۆن لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە دابەزینداپە، بەڵام خراپترین قۆناغ یان ئەزمەی راگەیاندن ساڵی 2009 بوو. لە دە ساڵی رابردوو لە وڵاتی سوێد ئەو متمانەیە گەیشتە خوارترین ئاست. ساڵی 2009 لە 41٪ ی جەماوەر متمانەیان بە رادیۆ و تەلەفزیۆن بوو، لە 26٪ متمانەیان بۆ پرێسی رۆژانە بوو، بەڵام لە ساڵی 1999 یانی دە ساڵ پێشتر لە 61٪ متمانەیان بۆ رادیۆ و تیڤی هەبوو و 32٪ ش متمانەیان بۆ پرێس هەبوو. لەنێوان ڕۆژنامەی بەیانیان، کە بە رۆژنامەی جددی و هەواڵی ناسراون و رۆژنامەی ئێواران، کە بە رۆژنامەی زەرد ناسراون، جیاوازی گەلەك زۆرە. سویدییەکان 51٪ متمانەیان بە رۆژنامەی بەیانیانە و رۆژنامەی AFTONBLADET یش تەنیا بە ڕێژەی 14٪ متمانەیان پێیە. (رۆژنامەی AFTONBLADET رۆژنامەیەکی رۆژانەی زەردە).

بۆکەناڵی تەلەفزیۆنی، ئێس ڤیٚ تیٚ، (حکومییە) 72٪ متمانەیان پێیە، بەڵام بۆ کەناڵی 4، کە ئەهلییە تەنیا 41٪ جەماوەر متمانەی پێدەکەن. بۆ کەناڵی 3 ش، کە ئەهلیە بە ڕێژەی 15٪ متمانەی پێدەکەن و بە ڕێژەی 79٪ متمانەیان بە رادیۆی سوێدی سڤێریێش رادیۆ (حکومییە) هەیە.

بە گوێرەی قسەی پرۆفیسۆر Lennart Weibull کە بەو ئامارە هەڵسایە، دەڵێت: وێنەی گەورە و سەردێری زەق کاریکردۆتە سەر ئەوەی متمانەی جەماوەر بە پرێس کەمبێتەوە."23"

رۆژنامەنووسێکی کەناڵی 4 ی سوێد Trond Sefastsson بۆ دادگا ڕاکێشرا، بەوەی گومانی وەرگرتنی بەرتیلی لێدەکرا و دواتر بە وەرگرتنی بەرتیل حوکم درا. بە گوێرەی

قسەی داواکاری گشتی، ئەم گرتنە تەنیا بۆئەوەبوو، کە راگەیاندنی ئازاد متمانەی لەدەست نەدا و خەڵك بەردەوام بڕوای پێبکەن. وەرگرتنی ئەم پارەیە، بۆ دروستکردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆن بوو. Trond Sefastsson دەڵێ: ئەو پارەیە وەرگیرایە، بۆ ئەوەی بەرنامەیەك لەسەر بەدواداچوونی یاسایی بکرێ."24"

**بەشی دووەم:**

**پرێسی زەرد لە کوردستان**

**1-2 سەرهەڵدانی پرێسی زەرد لە کوردستاندا:**

بابەتی پرێسی زەرد، لە کوردستان لە چەند رۆژنامەیەك لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 پەیدابوو. پەیدابوونی پرێسی زەرد لە کوردستان، بە بەرنامە یان بۆ بەرزکردنەوەی تیراژی رۆژنامە نەبوو، بەڵکو وەك گوتار و بابەت دەتواندرێ بگوترێ زیاتر لەکاتی شەڕی ناوخۆ (1994–1997) سەریهەڵدا. لەو سەردەم، بۆجاری یەکەم، بە ئاشکرا هێرش دەکرایە سەر بەرپرسانی حزبە سیاسییەکان و زۆربەی جاریش ئەم هێرشانە، بۆ شکاندی کابرا بەکار دەهات. لەبەر بەکارهێنانی زمانی زبر، خوێندنەوەیان بە گەرمی لەلایەن جەماوەر پێشوازی لێ نەدەکرا، بەتایبەتیش، کە ڕاگەیاندن تەواوی حزبی بوو و یەك ئامانجی هەبوو، ئەویش پروپاگەندەکردن بۆ حزب بوو. لەم نووسینانە، جگە لە بەکارهێنانی زمانی زبر، زمانی جددی بەکار دەهات، بۆیە خوێندنەوەیان خۆش یان ئاسان نەبوو. لەوکات جارێ راگەیاندنی کوردی نەبووبووە خاوەن زمانی تایبەت بەخۆی، زیاتر سوود لە زمانی ئەدەب بۆ نووسین بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی وەردەگیرا.

پرێسی زەرد لە کوردستان، بە شێوەی فەرمی، دەتواندرێ بگوترێ لەگەڵ پەیدابوونی راگەیاندنی ئەهلی و بەتایبەتیش لەگەڵ دەرچوونی رۆژنامەی هاوڵاتی لە پایزی 2000 وە دەستی پێکرد، بەڵام زیاتر لەدوای لێدانی ئێراق لە ساڵی 2003 جێپێ خۆی گرت. ئەو جۆرە راگەیاندنە تازەیە، بەناوی ئەهلی، هەموو ئەو بابەتانەیان دەوروژاند، کەلە پرێسی حزبی یان ئۆرگانی حزبی باسی لێوە نەدەکرا. بەکارهێنانی ئەم شێوە نووسینە زەردە، رەخنە ئامێزە، لە کوردستان بۆ بەرزکردنەوەی تیراژ یان دەستکەوتنی قازانجی ماددی یان هەرنەبێ وەدەستکەوتنەوەی خەرجی رۆژنامە یان گۆڤارەکە نەبوو، بەڵکو ئامانجی سەرەکی لە هەبوونی پرێسی زەرد یان بڵاوکردنەوەی گوتار و بابەتی زەرد لە شێوەی: پاڕانەوە و نووزانەوە، بۆ شکان و سووککردن، هەڵلا و بەزمنانەوە بوو. نووسینەکان دەنووسران و سوود لە نووسینی پرەنسیپەکانی پرێسی زەرد وەردەگیرا.

پەیدابوونی پرێسی زەرد، لەلایەن رۆژنامەنووسانی پسپۆر و باش لە کوردستان بناغەی دانەمەزرا، بەڵکو زیاتر لەلایەن رۆژنامەنووسانی کەمئەزموون، نا شارەزا لە راگەیاندن، گەنج و خوێنگەرم پەیدابوو. ئەوان لەمشێوە نووسینانەیان دەنووسی، چونکە زۆربەی جار رۆژنامەنووس لە ژێرەوە ڕادەسپێردرا ئەو بابەت بوروژێنێ و بنووسێ، لە لایەکی دیکەش، سەرکردایەتی کورد، هەبوونی ڕاگەیاندنێکی ڕەخنەگرانەیان بە پێویست دەزانی. ئەو نووسینانەی لە راگەیاندنی حزبی یان ئۆرگانەکان شوێنیان نەدەبۆوە، لەم سێبەرانە بێترس بڵاودەکرانەوە.

لەبەر ئەزموونی کەم لەم جۆرە راگەیاندنەدا دەتواندرێ بگوترێ: پرێسی زەرد لە کوردستان بە ئیفلیجی لەدایك بوو و تا ئێستاش لە هەمان نەخۆشی رزگاری نەبووە.

ئەگەر پرێسی زەرد لە ئەمریکا و بەریتانیا، بۆ ساغکردنەوەی ژمارە و بەرزکردنەوەی تیراژ و کۆکردنەوەی سەرمایە لەدایك بووبێت، لە کوردستان بە پێچەوانەی ئەوانەوە بووە

و زیاتر مەبەستی سیاسی لە پشتەوە بووە. هەبوونی مەبەستی سیاسی وایکردووە، خەڵك بروا بە ناوەرۆکی نووسینەکان نەکا، ئەمەش ناکاتە ئەوەی، پرێسی زەرد لە کوردستان ناخوێندرێتەوە.

بۆ ئەوەی هەر کۆمەڵگایەك، ببێتە خاوەن پرێسی زەردی خۆی، پێش هەموو شتێك پێویستە لەو کۆمەڵگا، ئازادی هەبێت، دیموکراتی گەشەی سەندبێ و راگەیاندن بازرگانی بێت و لە رێگایەوە خەڵك بتوانێ سەرمایە کۆبکاتەوە. خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ هەیە، بەوەی ئەگەر پرێسی زەرد بتوانێ جێپێخۆی بگرێ، رۆڵی بێلایەنی خۆی بگێڕێ، دەبێ خۆی خۆی بژێنێ و پێویستی بە یارمەتی ماددی هیچ حزب و رێکخراوێکی دەرەوەی دەزگا نەبێت.

پرێسی زەرد لە کوردستان، کەموکورتییەکانی پەرلەمان و حکومەت لەگەڵ هەردووك حزبی گەورە بە مەبەستی چاکردن، نادۆزێتەوە، بەدواداچوون لەسەر بابەتی پێویست و رۆژانە ناکات، بەڵکو زیاتر لە نەزانین یان بە ئەنقەست لە جەماوەر دەیانشێوێنێ... بۆیەش سەیر نییە، لە خوێندنەوەی رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردی، ژانری بەدواداچوون تەواو پشتگوێخراوە و زۆبەی بابەتەکان یەکجارەکین، ئەمەش ناپسپۆری لە ڕاگەیاندن و دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤاری کوردی بەدیار دەخات.

### 2-2 هەفتەنامەی رووداو:

**ژمارە 128: دووشەممە 30-8-2010**

هەفتەنامەی رووداو، لەسەرەتای دەرچوونی ژمارەکانی یەکەمی لە بەهاری 2008، وەك هەر یەك لە رۆژنامە کوردییەکانی سەردەمی خۆی بوو، بەڵام هێواش هێواش، ئاراستەی پرێسی زەردی وەرگرت.

ناوەڕۆکی هەفتەنامەی رووداو پڕییەتی لە وشەی: کوشتن، سووتان، تێرۆر، دزی، گەندەڵی ئیداری و مادی، گرفتی خێزانی، تەڵاق...هتد.

لەم توێژینەوەیدا، تەنیا دوو ژمارەی هەفتەنامەی رووداو بە نموونە باس دەکەین، چونکە ناوەڕۆکی تەواوی ژمارەکان زۆر لەیەك نزیکن. (گۆران 250 هەزار دۆلار کەمتری پارتی وەردەگرێت)."25" (لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی نەخۆش لە رارەوەکاندا دەخەوێندرێن)."26" (پرۆژەی وەزارەتەکان بە تەندەری نهێنی ئەنجام دەدرێن)."27" (گوتیان شوقەمان بۆکرپیوی بەڵام هیچ)."28" (ساڵی رابردوو 463 هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان بە شێرپەنجە مردوون)."29" (ریوایەتێك هەیە دەڵێ حیزبی دیموکرات خۆی قاسملووی کوشتووە)."30" (رێزان لە حەمامی قوتابخانەیەك خۆی سووتاند)."31" (دوای پێنج رۆژ لە سوتانیان نەعیمە و خەزووری مردن)."32" (دوو کەس لە کەرکوکەوە هاتن عەبدولواحیدیان کوشت)."33" (ژنە بزمار رێژ کراوەکە)."34" (حەیدەر د تانکەرا گازێدا هاتە سۆت)."35"

**ژمارە 130: دووشەممە 20-9-2010**

(ئەو ئەفسەرەی هیشام مەحمودی دەستگیر کرد تیرۆر کرا)."36" (گۆران سێ مانگە 680 ملیۆن دینار وەردەگرێت)."37" (رێژەی تەڵاقدان و جیابوونەوە لە کوردستان 66٪ زیادیکردووە)."38" (دەیانەوێ شەڕی ئێران و ئەمریکا بگوازنەوە هەرێمی کوردستان)."39" (پۆلیسێك جبەخانەی پۆلیسی رانیەی دزی)."40" (ژنێکی کورد منداڵە چوار ساڵەکەی سەر دەبڕی)."41" (سێ ساڵە بکوژانی دایکی 4 منداڵ دەستگیر نەکراون)."42" (هاوژین دوای تەواوکردنی زانکۆ خۆی سووتاند)."43" (ئاران بەهەمان سیناریۆی لەرێ رفێندرا)."44" (فاتیمە بووە قوربانی ژن بە ژنە – ئەڤینی 43 شەوە بێ دایك مایەوە)."45" (سێ کەسەکە چۆن لە بیرەکەی توتمێ دا خنکان؟)."46" (لە هەولێر باوکێك کورەکەی خۆی دەکوژێت)."47" (بەنزینخانەی بێ مۆڵەت ئەلیاسی کوشت)."48" (رۆژانە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان 17 ژن تەڵاق دەدرێن و 9 جیادەبنەوە)."49"

لە هەفتەنامەی رووداو، لە لاپەڕەی یەك، لاپەڕەی 12، کە تایبەتە بە ژن و لاپەڕە 13ش تایبەتە بە کۆمەڵایەتی، زۆرترین بابەتی زەردیان تێدا. زۆربەی هەرەزۆری بابەتی ئەم دوو لاپەڕەی دوایی بەگوێرەی ئەو سەردێرانەی لەسەرەوە وەك خۆی نووسیومانەوە: کوشتن و سووتان، خنکان، تەڵاق، گرتن، رفاندن، دزی و گەندەڵی...هتد، بەگوێرەی تایبەتمەندییەکانی پرێسی زەرد، ئەو سەردێرە زەقانەی رووداو دەچنە خانەی پرێسی زەرد.

لەبەر ئەوەی لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، ئەم بابەتانە نوێن و خوێنەری کورد جارێ نازانێ، راگەیاندنێك بەناوی پرێسی زەرد هەیە، بە خوێندنەوەی ئەو سەردێرە زەق و

ڕەشانە و تێڕوانینی ڕەشبینانە بۆ بابەتەکان، متمانەی نێوان پرێس و کۆمەڵ کەمتر دەکاتەوە.

لە بابەتە سیاسییەکانیش، لەزۆربەی ژمارەکان، بەلای کەم یەك بابەتی تایبەت و نێگەتیڤانە دژ بە بزووتنەوەی گۆران یان دژ بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەیە. بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتانەش، هەر دەچێتە قالبی پرێسی زەرد.

3-2 ڕۆژنامەی هاوڵاتی:

ڕۆژنامەی هاوڵاتی، لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی خۆیان، بەمشێوەی خوارەوە باس لە خۆیان دەکات: ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ و ئازاد و ئەهلییە. ژمارەی سفری لە 15–11–2000 دەرچووە. هاوڵاتی شێوازێکی نوێی بۆ دنیای ڕۆژنامەوانی کوردی لە چەرخی تازەدا هێناوەتە ئاراوە و بەبێ کۆمەکردن و پشتیوانی حیزبە کوردیەکان و حکومەت دەست بەکار بووەو لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە لەباری ئابوریەوە خاوەن سەرچاوەیەکی سەربەخۆ بێت و کۆمەك لە هیچ حیزب و دەستەڵاتێك وەرنەگرێت."50"

هاوڵاتی بە یەکەم ڕۆژنامەی ئەهلی لە کوردستان لە پاش ڕاپەڕین دەژمێردرێ، لەگەڵ ئەوەش، ئەوەی ئەوان لە لەو چەند دێرەی سەرەوە لە ماڵپەرەکەیان نووسیویانە و ئەو سیاسەتەی لە هەڵمەتی هەڵبژاردن پەیرەویان دەکرد، یەکتر ناگرنەوە، بەتایبەتیش چونکە تا ئێستا ڕۆژنامە و گۆڤارە پڕفرۆشەکانیش لەبەر کەمی داهاتی ریکلام جارێ گرفتی داراییان هەیە. ڕۆژنامەی هاوڵاتی وەك زۆر لە ڕۆژنامە ئەهلییەکانی دیکەی کوردستان، یەك بابەتین و ڕەشبینانە ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنن.

لەخوارەوە هەندێك لە سەردێری ژمارە 666 ڕێکەوتی 26–9–2010 وەك خۆی دەنووسینەوە:

(نهێنییەکە ئاشکرا دەکرێ)."51" (پارتی پارێزگەران بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت)."52" (سیرێك فەتاح: گرنگ پاکێتییە)."53" (کۆسرەت رەسوڵ بێدەنگیی شکاند داوای دەستەڵاتەکانی لە تاڵەبانی دەکات)."54" (دوو فرۆکەی ئەمریکی، هاوڵاتیان دەترسێنن)."55" (لە رووداوێکی "گوماناویدا" بەڵگەنامەکانی بەشی یاسای پۆلیسی دارستان دەسووتێنن)."56" (وتەبێژی حکومەت دەست لە کار دەکێشێتەوە)."57" (پەکەکە هەوڵی وەرگرتنەوەی ئێسکی گەریلا کوژراوەکانی هەولێر دەدات)."58" (شەڕو دەمەقاڵێ دەکەوێتە نێوان قایمقامی ئاکرێ و ئەفسەرێکەوە)."59" (هەڕەشەی تۆمارکردنی داوا لەسەر چاودێری دارایی دەکەن)."60" (شکاندنی بەرهەم ساڵح لەسەر حسابی نێچیروان بارزانی لەناو راگەیاندنەکانی پارتی بەردەوامە)."61" (گەندەڵی، بودجەی وشکەساڵیی گەرمیانیشی گرتەوە)."62" (قاعیدە بۆ موسڵ و دیالە دەگەڕێتەوە)."63" (بەغدا بودجەی ئامادەکرد، هەولێر هێشتا بێدەنگە)."64" (دزیکردن دانیشتوانی گەڕەکێکی سلێمانی هەراسان دەکات)."65" (رووباری سیروان گەنجانی گەرمیان قوت دەدا)."66" (مامۆستایان هێرشیان دەخرێتە سەر)."67" (فاشیەت لە رێی یاساوە)."68"

لە هەموو ئەو سەردێرانەی سەرەوە ئەم وشانەی تێدا: نهێنی، هەڵوەشانەوە، دەستەڵات، ترساندن، گوماناوی، سووتاندن، دەست لەکار کێشانەوە، کوژراو، شەڕ و دەمەقاڵێ، هەڕەشە، شکان، گەندەڵی، گەرانەوەی قاعیدە، قوتدان، هێرش، فاشییەت... بەکارهێنانی ئەم وشە زەقانە تەنیا لە یەك ژمارەی رۆژنامەی هاوڵاتی، هەمان ئەو وشانەن ئێمە لە خەسلەتەکان و پێناسەی پرێسی زەرد باسمان کردووە.

4-2 **گۆڤاری لڤین:** یەك لە گۆڤارە پڕفرۆشەكانی كوردستانە و خوێنەرێكی زۆری هەیە و بەخۆیان دەڵێن: گۆڤارێكی سەربەخۆ و ئازاد و ئەهلی."69" لە هەموو ژمارەیەك، چەند بابەتێكی توند و ڕەخنە ئامێز بڵاودەكەنەوە، بۆیە زۆر لە گوتارەكانیان مشتومڕ لەناو خوێنەران دروست دەكات و بەزم (فـضیحة) دەنێتەوە، نەك لەبەر ئەوەی شێوەی داڕشتنی نووسینەكان باشە، بەڵكو زۆربەی جار، لەبەر ئەوەی توندە و جاری یەكەمە لەسەری دەنووسرێ و بڵاودەكرێتەوە. بە گوێرەی نووسینی گوتار و بەدواداچوون، دانانی وێنە و سەردێر و نەخشەسازی بەرگ، گۆڤاری لڤین بە یەك لە گۆڤارە زەردەكانی كوردی دادەندرێ.

لەم توێژینەوە ناوەڕۆكی دوو ژمارەی گۆڤاری لڤین: 138 و 139 هەڵوەستەی لەسەر دەكەین و هەندێك لە سەردێر و بابەتەكانی ناوی وەك خۆی دەنووسینەوە.

**گۆڤاری لڤین. ژمارە 138، 10-9-2010**

بەرگی ئەم ژمارەیە بە دوو وێنەی گەورەی د. بەرهەم سالح و كۆسرەت رەسول پڕكراوەتەوە. د. بەرهەم، خەریكی چاكردنی پرچییەتی، بەڵام بە سەیركردنی وێدەچێت، لە شتێك بترسێ یان سەیری دوور دەكات، یانیش شتێكی سەرسوڕهێنەر دەبینێ. لەسەر وێنەی د. بەرهەم نووسرایە: (د. بەرهەم بەتەلەفۆن بەمەسرور بارزانی وتووە ئەو كوڕە بكوژرێت ئێوە لێی بەرپرسیارن). لەسەر وێنەی كۆسرەت رەسولیش نووسرایە: (بەگومانی بوونی پەیوەندی نهێنی، كۆسرەت رەسوڵ سكرتێرەكەی خۆی دەركرد). لەسەر سەرەوەی گۆڤار بە فۆنتێكی بچووكتر و ڕەش نووسرایە: (بەبیانووی ڕووبەڕووبوونەوەی پەكەكە: تاڵەبانی لە ماوەی دوو ساڵ (7) ملیۆن و بارزانی لە ماوەی

چوار ساڵدا (8) ملیۆن دۆلاریان لە تورکیا وەرگرتووە). لە خوار خوارەوەش بە فۆنتێکی کەمێك گەورەتر و ڕەش نووسرایە: (فشارەکانی یەکێتی و پارتی، حکومەتەکەی بەرهەم ساڵح ڕووبەڕووی قەیران دەکەنەوە).

دانانی ئەم سەردێرە زەق و ئاراستەکراوانە، لە بەرگی پێشەوەی گۆڤار، بەڕێکەوت و بە ئەنقەست نییە، بەڵکو دەستەی نووسەران دەزانن، ئەمجۆرە نووسینانە، سەرنجی خوێنەر بۆلای تەواوی ژمارەکە ڕادەکێشێت و کاریان تێدەکات و گۆڤارەکە دەکرن.

لاپەرەی یەکەمی گۆڤار یان رۆژنامە، زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بزانین، ئایا بڵاوکراوەکە زەردە یان نا؟ لەگەڵ ئەمەش، ناوەرۆك و سەردێر و وێنە و تێکستەکانیش بۆ ناسینەوەی پرێسی زەرد بایەخی خۆیان هەیە و کەم گرنگ نین.

لە خوارەوە هەندێك لەو سەردێرانە دەنووسین، کەلە ژمارەی 138 بڵاوکراونەتەوە:

(لە نامەیەکی کراوەدا بۆ مەسعود بارزانی، شێخ تاهیری چوێسە بارزانی ئاگاداردەکاتەوە کە ئاسایشی پارتی لە کەرکوك بکوژانی کوڕەکەی تەسلیمی دادگا ناکەن)."70" (لەبەر ئەوەی بەبێ ئاگاداری ئەو ڤیزەی ئیسرائیلی وەرگرتووە کۆسرەت رەسوڵ سکرتێرە شەخسیەکەی خۆی دەردەکات)."71" (شەڕیش لە پێناو ئاشتیدا دەکرێت)."72" (تاڵەبانی و بارزانی مێژووی یەکتر هەڵدەدەنەوە)."73" (بارزانی و تاڵەبانی بۆ شەڕی پەکەکە یارمەتی داراییان لە تورکیا وەرگرتووە)."74" (فشارەکانی یەکێتیی و پارتی، حکومەتەکەی بەرهەم ساڵح ڕووبەڕی قەیران دەکاتەوە)."75" (حکومەتی عێراق کەرکوك تەعریب دەکاتەوە)."76" (لڤین گەندەڵییەکانی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی کەلار ئاشکرا دەکات)."77" (سیمبۆلیزمی بنەماڵەی بارزانی)."78" (دیارکردنی بەرپرسی بازنەکان لەگەرمیان، کێشە لەناو گۆڕاندا

دروستدەکات)."79" (کەسێتی نێگەتیڤ)."80" (حیزب هێشتا تفەنگی بەشانەوەیە)."81"

ئەم سەردێرو نووسینانە و بەکارهێنانی وشەکانی: بکوژانی کوڕەکەی، دەرکردن، شەر لە پێناو ئاشتی، هەڵدانەوەی مێژوو، شەڕی پەکەکە، قەیران، تەعریب کردنەوەی کەرکوك، گەندەڵی، سیمبۆڵی بنەماڵەی بارزانی، کەسێتی نێگەتیڤ، تفەنگی بەشانەوەیە...هتد، بەگوێرەی خەسڵەت و پێناسەی پرێسی زەرد، تەواوی ئەو سەردێرانەی لە ژمارە 138ی گۆڤاری لڤین، ئێمە وەك نموونە نووسیمانەوە، دەکەونە خانەی پرێسی زەرد. جگە لە دانانی ئەم سەردێرانە، لە ناوەڕۆکی نووسینەکانیش گۆڤاری لڤین، زۆر نێگەتیڤانە رووداوەکان هەڵدەسەنگێنن. نووسینەکان ئاراستەی بیروهۆش دەکرێن و خوێنەر ناتوانێ بۆچوون و بیری خۆی هەبێت. ناوەرۆکی نووسینەکان، بە وێنە دەوڵەمەند کراون، بەڵام ئەگەر پسپۆرانە بابەتەکان هەڵسەنگێنین، بەشێوەیەکی گشتی، تێرنین و نووسەرانیان بە قووڵی نەچوونەتە ناو بابەتەکان و سەرپێی لەکۆڵ کراوەتەوە. لەناو هەمووشیان ژانری بەدواداچوونی تێدا کەمە و ئەوەی لەژێر ئەم ناونیشانەش نووسراوە تێر نییە. زۆریش لە نووسینەکان ئارستەکراون و رای رۆژنامەنووس بە ئاشکرا دیارە: (هیچ کام لەم دوو وەهمە بۆ ئەم سەردەمە نابن، مێژووی هەر یەك لەم دوو حیزبەش، پڕن لە خیانەت و شکۆ)."82" (عیرفان قانعی فەرد ئەگەر تاوانبارە، خائین و خۆفرۆش و بەکرێگیراوە، پێویست بە هەرەشە و تۆقاندنی ئەو گۆڤارە ناکات، کە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کردووە. قانعی فەردیش هەرچییەك بێت، خیانەتی بە ئەندازەی لای کەمی بەشێکی زۆر لە سەرکردە کوردەکان (لە کوردستانی عێراق و ئێران و تەنانەت تورکیاش نەکردووە)."83" ئەم دوو نموونەی سەرەوەی ناو کەوانە، نیشانی دەدەن، نووسەرانی بابەتەکان، نەیانتوانیووە بێلایەنی خۆیان بپارێزن، پشتگیریان لە لایەك کردووە.

لەکاتێکدا، ئەگەر رۆژنامە یان گۆڤار لە ژێر ناونیشانی بێلایەنی یان ئەهلی و سەربەخۆ دەربچێ، نابێت کەسی نووسەر ئەم رایانەی لە نووسین هەبێت.

**گۆڤاری لڤین ژمارە 139، 20-9-2010**

لە بەرگی ئەم ژمارەیە، وێنەیەکی گەورەی سەردەشت عوسمان بە مردوویی و لەناو دارەمەیت چاپکراوە و نووسرایە: (وێنەیەکی سەردەشت دوای شەهید بوونی، لیژنەی لێکۆڵینەوە دەخاتە ژێر پرسیارەوە)، (برایەکی سەردەشت بۆ لڤین: چاوەڕێی سیناریۆمان دەکرد، بەڵام دروستکردنی تۆمەتی ئەنسارولئیسلام بۆ سەردەشت شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو). ئەم سەردێرەی سەرەوە بە فۆنتێکی گەورە و ڕەش نووسراوە و لە ژێرەوەش بە فۆنتێکی هێشتا گەورەتر سەردێرێکی تر نووسرایە: (لە راپرسییەکدا 94٪ هاوڵاتیانی کوردستان ئەنجامی لیژنەی لێکۆڵینەوە بە ناراست دەزانن)."84"

لەو نووسینانە دەردەکەوێ، سەرنووسەران، ئەو دەنگۆیە بڵاودەکەنەوە، کە پارتی راست ناکات و راستییەکانی شەهید بوونی سەردەشت عوسمان لە خەڵك دەشارێتەوە. ئەوان خۆیان سەردەشتیان شەهید کردووە.

لە راستیدا، رۆژنامەنووس حاکم نییە تا خەڵك و لایەن تاوانبار بکات، بەتایبەتیش ئەگەر بەڵگەی راست و دروست لەبەردەست نەبن. ئەم شێوە نووسینە، بێلایەنی ناپارێزی. جگە لە بڵاوکردنەوەی وێنەی سەردەشت بە مردووی، کە بینەر و خوێنەر غەمبار دەکات، لادانیشە لە ئەخلاقی پیشەی راگەیاندن.

لە خوارەوە هەندێك سەردێر لە ناوەرۆکی ژمارە 139 وەك خۆی دەنووسینەوە:

(94٪ خەڵکی کوردستان راگەیاندراوی ئەنجامی لیژنەی لێکۆڵینەوە بە ناراست دەزانن)."85" (چاوەڕێی سیناریۆمان دەکرد، بەڵام دروستکردنی تۆمەتی ئەنسارولئیسلام بۆ سەردەشت شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو)."86" (خودانی بارزان،

سەرکردەی لەبیرکراوی راستەقینەی شۆرشی بارزان)."87" (زۆربەی حیزبەکان، پەیوەندی ژێربەژێریان لەگەڵ ئێران هەیە)."88" (نێچیروان بارزانی لەرێگەی راوێژکارە بیانییەکانییەوە سەرقاڵی دارشتنی بەرنامە و پلانە بۆ کۆنگرەی پارتی)."89" (سەرۆك کۆماری ئێراق بە کام کەناڵە ئاسمانییەکان سەرقاڵە)."90" (گوتاری سیاسی پارتە نەتەوەییەکانی کورد، پەلە پەل و هەڵچوونی پێوەدیارە)."91" (سیناریۆکەی سەردەشت و سەرۆك)."92" (جەلال تاڵەبانی لە کۆنگرەی رۆژنامەوانی رێکخراو بۆ چەند کەناڵێکی تایبەت بە یەکێتی و پارتیی رایگەیاند: ئەو تەماشای کەناڵی روسیا (Russia Today) و کەناڵی رەسمی کۆماری چین (CCTV News) دەکات و هیچ کامیشیان سوکایەتی بە رەمزە نەتەوەییەکانی خۆیان ناکەن. بۆچی تاڵەبانی ئەو دوو کەناڵە باس دەکات؟... هیچ سەیر نییە کە تاڵەبانی لەو هەمو نمونە جوانانەی دونیای دیموکراسی و ئەو وڵاتانەی ئازادی رادەربرین تێیدا بەرزە، نمونەی دو وڵاتی دیکتاتۆر دێنیتەوە، چونکە تاڵەبانی ویستێکی هاوبەشی هەیە لەگەڵ ئەو جۆرە سەرکردانە بۆ چەوساندنەوە و ئازاردانی رۆژنامەنووسان)."93"

رۆژنامەنووس باشە بزانێ، تاڵەبانی نموونەی ئەم دوو وڵاتانەی سەرەوەی هێناوەتەوە، نەك لەبەر ئەوەی دیکتاتۆرین، بەڵکو مێژوویان کەم تا زۆر لەگەڵ مێژووی کورد و کوردستان نزیکە. لە روسیا 70 ساڵ حوکمی دیکتاتۆری یەك حزبی (پارتی کۆمۆنیست) هەبوو، ئەو حوکمەی بووە هۆی کوشتنی و دوورخستنەوە زیاد لە 70 ملیۆن سۆڤیێتی، ئینجا باس لە سکرتێر و دامەزرێنەری پارتی کۆمۆنیستی روسیا و سۆڤیێت، ڤلادیمیر ئیلیچ لێنین بە باش و خراپ لە راگەیاندنەکانیان ناکەن، بۆیەش تا ئێستا مەفزەلەی لە مەیدانی سوور لە شاری مۆسکۆ لە کرێملن هەرماوە و بۆ سەیرکردنیشی، نزیکەی 80 ساڵە بەردوام سرەی سەدان مەتر بووە. لە وڵاتی چینیش، دیارە شۆرشی کولتوری زیانی

بە سەدان ملیۆن کەس گەیاند، لەگەڵ ئەمەش، ئەوان باس لە هەڵە و کەموکورتییەکانی ماو ستی تونگی سکرتێری مردووی پارتی کۆمۆنیستی چین لە راگەیاندنیان ناکەن. لەم نووسینە، دەبیندرێ، رۆژنامەنووسی گۆڤاری لڤین، ئاگای لە هەڵبژاردنەکانی لە ساڵی 1991 وە بۆ پەرلەمان دەستی پێکرد و هەبوونی کۆمەڵێك پارتی بە بیروبۆچوونی جیاوازەوە لەناو پەرلەمانی روسیا نییە. لە روسیای ئەمرۆ و پاش روخانی یەکێتی سۆڤییێت، ئازادی تەواوی راگەیاندن هەیە و زۆربەشیان ئەهلین و بە ئاشکرا رەخنە لە حکومەت و سەرۆك دەگرن، لەگەڵ ئەمەش، بە بڕوای رۆژنامەنووسی گۆڤاری لڤین، سیستێمی بەڕێوەبردنی وڵات دیکتاتۆرییە، لەکاتێکدا ئەمە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی روسیا و هەبوونی پەرلەمان وگۆرینی حکومەت و سەرۆك کۆمار یەك ناگرنەوە.

لە ژێر وێنەیەکی مەسرور بارزانی و نێچیروان بارزانی نووسرایە: (مەسرور بارزانی تورەیە)."94" ئەگەر سەیری ئەم وێنەیە بکەیت، دەبینی مەسرور بارزانی سەیری دوور دەکات و زیاتر جددیە لەوەی تورە، بەڵام ئەگەر تورەش بێت، خوێنەر پێویستی بە کۆمێنتی ئاراستەکراو نییە، چونکە بینەر ئەو وێنەیە دەبینێت و با خۆی چۆنی بۆ دەچێت یان چۆنی تێیدەگات، با بگات و یارمەتی لە رۆژنامەنووسەوە وەرنەگرێ و بیرۆکەی نێگەتیڤی لە مێشك تۆمار نەکات و رای خۆی بەسەر نەچەسپێنێ.

لە کوردستان لەبەر ئەوەی تا ئێستا ژیاننامەی نووسەر، هونەرمەند، کەسانی دەوڵەمەند و بەناوبانگ نەبۆتە نەریت لە گۆڤار و رۆژنامەکان باس بکرێن و لاپەڕیان پێ پڕبکرێتەوە، لە جیاتی ئەوان، گۆڤاری لڤین بەردەوام، باس لە هەردووك حزبی سیاسی کوردستان و ئەندامان مەکتەبی سیاسی یان سەرکردایەتی ئەوان دەکات. لڤین لە نووسین و بڵاوکردنەوەی وێنەکان، تا بۆی کرابێ، کارە باشەکانی ئەوانیان پشتگوێ خستووە یان

پوچکردۆتەوە و کەموکورتییەکانیشیان گەورە کردووە و بە فۆنتی گەورە و ڕەش بەرچاو کردووە، ئەمەش ڕێك تەواوی ئامانجە لە دەرکردنی پرێسی زەرد.

پرێسی زەرد مەرج نییە، خراپ بێت، یان ناوەڕۆکی درۆ بێت و دوور لە ڕاستی بێت، بەڵکو لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا و تەواوی ئەوانەی ئازادی ڕاگەیاندنیان تێدا، پرێسی زەرد زۆر پێشکەوتوە و زیاتر بە ڕاگەیاندنی ناجددی یان تابلۆید بەناوبانگە. لەوێندەر ئەوان ئەو جۆرە وشە تایبەتییانە هەڵدەبژێرن و دەنووسن، کە ببێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر بۆلای نووسیەنەکان و کڕینی ژمارەی ڕۆژ.

لە کوردستان پرێسی زەرد کەمێك بەجۆری دیکەیە و مۆدێلی تازە و نوێیە. گۆڤاری لڤین بەگوێرەی ناوەڕکی ئەم دوو ژمارەی وەك نموونە هێنامانەوە، زیاتر بۆ رەخنەگرتن لە دەستەڵات دەردەچێ و هەفتەنامەی رووداویش لەهەر ژمارە و بەتایبەتیش لە لاپەڕەی یەك، بەلای کەم بابەتێك دژ بە یەکێتی یان بزووتنەوەی گۆڕان بڵاودەکاتەوە. لە لاپەڕەی ژن و کۆمەڵایەتیش، بەردەوام کۆمەڵێك سەردێری زەق و زەرد بەرچاوی خوێنەر دەکەوێ. ئەم جۆرە نووسینانەی ئەمڕۆ لە لاپەڕەی یەك و لاپەڕەکانی کۆمەلایەتی رووداو بڵاودەکرێنەوە، هەمان بابەت و وشە لە ساڵی 1896 لەسەر لاپەڕەکانی هەندێك لە رۆژنامەکانی نیۆ یۆرکی ئەوکات دەبیندران.

زۆر لە نووسینەکانی هەرسێك بڵاوکراوانەی کوردی: (گۆڤاری لڤین)، (هەفتەنامەی رووداو) لەگەڵ (رۆژنامەی هاوڵاتی) کە بوونەتە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەمان، لە بەرهەمەکانیان بیر لە ئەخلاقی راگەیاندن ناکەنەوە و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆیان یان فرۆشتنی ژمارەیان لا گرنگترە. ئەوەندەی لەو سێ ناوانەی سەرەوە باس لە: خوێن، خیانەت، گەندەڵی، پارە، کوشتن، تیرۆر، دزی، سەرنەکوتن، رووخان، هێرش، پلان و

بەرنامەی نهێنی، سووتان... هتد دەکرێ، بەدەگمەن لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی دیکەی کوردی بەو شێوەیە ئەم وشانە یان سەردێرانە بەرچاو دەکەون.

بەکارهێنانی ئەم زمانە و دانانی زۆر لەوێنەکان، ناکاتە ئەوەی، ئەم بڵاوکراوانەی سەرەوە خراپن یان باش، بەڵام بێشك لە راگەیاندنی کوردی نوێن و پێشتر نەبووین. نەویستن و ئاشکرانەکردنی دەستەی نووسەرانی هەرسێك دەزگا بەوەی، کە بڵاوکراوەکانیان دەچنە خانەی پرێسی زەرد و لە پرێسی زەردیش رەوایە بەمشێوەیە بنووسرێ، هەزاران دوژمنی بۆیان دوستکردووە و دەیان ناو و ناتۆرەیان پێوە نووساندوون وەك: بەکرێگیراو، خۆفرۆش، تێکدەر...هتد.

پرێسی زەرد لە کوردستان نوێیە، بۆیە لەوانەیە زۆر لەوانەی تەواوی رۆژنامە یان گۆڤاریان بە ناوەرۆکی زەرد پرکراوەتەوە نەزانن، کە ئەوان خەریکی دەرکردنی پرێسی زەردن، لەوانەشە هەر ئەوان خۆیان، بە بیستن یان خوێندنەوە بەوەی، پرێسی ئەوان زەردە، تورە بن و وەك ئیهانە لێکی بدەنەوە، کەچی لەراستیدا پرێسی زەرد، ئەو پرێسە یان ئەو جۆرە راگەیاندنە نییە، کە مرۆڤ شەرمی پێوە بکات، بەڵکو تەنیا ناوەرۆکی لە پرێسی جددی جیاوازە و خوێنەری هۆشیار زۆر باوەڕ بە ناوەرۆکی بابەتەکان ناکات، بەڵام ئەم باوەڕ نەکردنە، ناکاتە ئەوەی ناوەڕۆکی گۆڤار یان رۆژنامەکە بەهەند وەرنەگیرێ.

هەر بۆ نموونە: ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ عیرفان قانعی فەرد لە ژمارەی 134 لە 1-8-2010 لە لاپەڕە 6-10 ی گۆڤاری لڤین بڵاوکرایەوە، گەورەترین گرفتی بۆ پارتی و سەرکردایەتی ئەوان دروستکرد. زیاد لە دوو هەفتە لە راگەیاندنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەڵامدەدرایەوە و هەوڵدەدرا، نووسینەکە یان ناوەرۆکی ئینتەرڤیووەکە پووچ بکەنەوە، دەستەی نووسەران بە خۆفرۆش لەقەڵەم بدەن و بەڵگەنامەکان بە

ناڕاست و عیرفانیش وەك جاش و سیخوری بێگانە بەخەڵك بناسێنن. كار گەیشتە ئەوەی، سەرۆك كۆماری ئێراقی فیدرال، خۆی دەربارەی ڕووداوەكانی ئەوكات بەگشتی و رابەری شۆرشی ئەیلول مستەفا بارزانی لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەوانی لە هەولێر و لەماڵی كۆسرەت رەسول دەربڕێت و ناوەڕۆكی ئینتەرڤییوەكەی عیرفان قانعی فەردیش پووچ بكاتەوە.

لە هەموو ئەو وڵاتانەی پرێسی زەرد هەیە، زۆربەی خەڵك بەتایبەتیش ئەوانەی تێگڵاون و لەو جۆرە پرێسە و باسیان دەكرێ، نارازین، بەڵام ئەم نارازی بوونە ئەوان ناگەینیتە هیچ شوێنێك و پرێسی زەرد بەردەوامە لە دەرچوون و باسكردنی ئەوان. لە وڵاتی سوێد زۆر لە رۆژنامەنووسانی جددی، رازینین لە پرێسی زەرد و بەدەستییەوە دەناڵێنن. (بارودۆخی راگەیاندنی سوێدی زۆر لەو راگەیاندنەی كە ماوەیەكی زۆرە بەسەر جەماوەری بەریتانیا زاڵە دەچێ و لەوێندەر پێیدەڵێن: the yellow press خەریكە بەرۆكی راگەیاندنی سوێدیش بەناوی تابلۆید دەگرێ)."95"

(ژانری بەدواداچوون، قەت وەك ئەمرۆ لە سوێد توند نەبووە. رۆژنامەنووسان، كامیرای شاراوە بەكاردێنن، ئەوەی بەرامبەر توڕە دەكەن، بۆ ئەوەی ناچار بێت زانیاری بدات، ئەو مێتۆدانەی پۆلیس بۆی نییە بەكاری بهێنێ، كەچی بۆ كارمەندانی دەستەڵاتی سێ ڕەوایە)."96" (راگەیاندن لە سوید بە دەستەڵاتی سێ بەناوبانگە).

پرێسی زەرد وەك لە پێشەوە ئاماژەی پێكرا، لە بەریتانیا بە رۆژنامەی the yellow press ناودەبردرێ، لە سوێد بە تابلۆید و لە كوردستانیش زیاتر بە ڕاگەیاندنی ئەهلی بەناوبانگە. لە راگەیاندنی ئەهلی كوردستان، زیاتر ئەو بابەت و نووسینانە بەرزدەكرێنەوە، كەلە رۆژنامەی حزبی شوێنیان نابێتەوە و باسیان لێوە ناكرێ. ئەوەش ئەمە ناگەیەنێت، كە راگەیاندنی حزبی دوورە لە رەخنە و كوێرانە بەرگری لە حكومەت و

پەرلەمان و حزبی خۆیان دەکەن، بەڵکو ئەوانیش رەخنە دەگرن و زۆر لە رۆژنامەنووسانی ئەوانیش لەوبڕوایە دان، راگەیاندنی راست و باش، رێك ئەو راگەیاندنەیە، کە بەردەوام نارازییە و هەگبەی لە رەخنە پڕە.

رۆژنامەکانی حزبی هەرچەند، رەخنەی توند بگرن، چوارچێوەیەکی بۆ دیاری دەکەن بیر لە لێپێچینەوە دەکەن، بەڵام راگەیاندنی ئەهلی، لێپێچینەوەی بەرامبەر ناکرێ و ئازادە لەوەی بڵاوی دەکاتەوە، بەتایبەتیش بەیارمەتی یاسا مافی پارێستراوە و کەس بۆی نییە ئەزیەتی بدات، بۆیەش وەك لە وڵاتانی پێشکەوتوو، پرێسی زەرد زۆرتر داوای یاسایی لەسەر تۆمار دەکرێ، بەهەمان شێوەش لە کوردستان، راگەیاندنی ئەهلی زۆرتر لە راگەیاندنی ئەهلی  لە پۆلیسخانەکان داوای یاساییان لەسەر تۆمار دەکرێ.

5-2 **نموونەی پرێسی زەرد لە سوێد:**

لەو توێژینەوەمان پێویستە ئاماژەی بکەین بەوەی، ئەو بابەتانەی بۆ کۆمەڵگای سوێدی یان بەریتانی گرنگن، هیچ مەرج نییە لە کوردستان بەگەرمی پێشوازییان لێبکرێ. یانیش ئەو بابەتانەی لە کوردستان بڤەن یان بۆ راگەیاندنی کوردی کرنگن، مەرج نییە، هەمان بابەت بۆ راگەیاندنی بەریتانی یان سوێدی پڕبایەخ بێت، لە هەمان کات، مەرج نییە، لە هەمان وڵات و هەمان شاریش هەمان بابەت، بۆ رۆژنامەی دیکە گرنگ و سەرنجڕاکێش بن.

لە وڵاتی سوێد رۆژنامەکانی تابلۆید یان ئێواران، بە زەرد ناسراون، ئەوان بۆ بەرزڕاگرتنی تیراژیان، سەردێری زەق بە فۆنتی رەش هەڵدەبژێرن.

رۆژنامەی AFTONBLADET: رۆژنامەیەکی ئێوارانی تابلۆیدە، لە ژمارەی رۆژی سێشەم رێکەوتی 7 ئەیلول 2010 لە لاپەڕە یەك بەم شێوەیە پڕکراوەتەوە: (هەشت لە قاتلانی بە نەخۆشی دەروونی حوکم درابوون – ئەنجامەکەی دوای بەردران بەمشێوە

بوو). لەگەڵ هەمان نووسین، سێ وێنەی بچوکیش داندراوە. لە هەمان ژمارە و لاپەڕە بەڵام گەورەتر، کە نزیکەی نیوەی لاپەڕەکەی گرتووە، ئەم ناونیشانە نووسرایە: (بۆڵە بۆڵی نامەی SMS لە نێوان هێدمانس و گرافس لەسەر ملیۆنە بزربووەکان). Magnus Hedman یاریزانی تۆپی پێ بوو و Magdalena Graaf خێزانی پێشتری ئەو بوو. لە یەك لەو نامانانەی بڵاوکراوەتەوە، نووسرایە: (تۆ دەزانی من هیچ پارەم نەماوە، لەگەڵ ئەوەش دەتەوێ ژیانم وێران کەیت...) گرافی خێزانی هێدمان، داوای یەك ملیۆن کرۆن لە مێردی پێشتری دەکات. ئەمە گرفتی خێزانییە و کەوتۆتە ناو لاپەڕەکانی رۆژنامە. هەمان بابەت بۆ رۆژنامەیەکی بەیانیانی هەمان وڵات و شار، هیچ بایەخی پێندراوە و بە یەك وشە باسی لێوە نەکراوە.

لە رۆژنامەی SVENSKA DAGBLADET لە لە ژمارەی هەمان رۆژ، سێشەم 7 ی ئەیلول 2010 گرنگترین بابەت لەسەر نەخۆشی دێمێنس، وێنەیەکی گەورە نزیکەی نیوەی لاپەڕەی یەکەمی گرتووە، کەسێکی نەخۆشی دێمێنسی هەیە لای تابلۆیەکی زانیاری نەخۆشخانە وەستاوە: Demensvård i kris خزمەتگوزاری نەخۆشی دێمێنس لە قەیران دایە."97" (دێمێنس: نەخۆشییێکە، مرۆڤ شت لەبیر دەکات.) تەواوی ژمارەکە بخوێنیتەوە، هیچ سەردێرێکی زەق بۆنی خوێن یان کوشتن و سوتان یان گرفتی خێزانیت بەرچاو ناکەوێ.

بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین، هەندێك لە سەردێرەکانی رۆژنامەی بەیانیانی SVENSKA DAGBLADET و ژمارەی 7 ئەیلولی 2010، کە ناچێتە خانەی پرێسی زەرد، بۆ تێگەیشتن لە دانانی سەردێر بۆ پرێسی زەد و پرێسی جددی وەك خۆی دەنووسینەوە: (ئێمە ناتوانین زیاتر مونافەسەی ئەوان بکەین)."98" (کڕیارەکان پرۆتستۆ دەکەن)."99" (دکتۆرەکان لە ئێراق دەڕۆن)."100" (مرۆڤ پێویست ناکات، بە شتێك

ببەسترێتەوە)."101"...هتد. بە خوێندنەوەی دەبینین، هیچ لەو سەردێر و بابەتانەی بۆ ژمارەی ئەورۆژە هەڵبژێردراون، فێڵ لە خوێنەر ناکەن، بۆئەوەی رۆژنامەکە بکڕن، چونکە رۆژنامەی بەیانییان زیاتر پشت بە ئابۆنە دەبەستێ. ئەوان نایانەوێ بە پرێسی زەرد بناسرێن، بەڵکو لەلایەن خوێنەرەوە زۆر بە جدی سەیریان دەکرێ.

ئەگەر سەیری رۆژی رۆژنامەی AFTONBLADET ژمارەی هەمان رۆژ، 7 ئەیلول 2010 بکەین، دەبینین بە شێوەی دیکە بابەتەکانی هەڵبژاردووە: {(قوتابخانەکان ئێستا لە بیۆرکلوند (وەزیری پەروەردە) بێزارن)}."102" (جارێکی دیکە دەستی بە کوشتن کردەوە)."103" (شەڕی یەکەم)."104" (شەر لەسەر هەموو دەنگێك)."105" (لەسەر ملیۆنەکان بەشەر دێن)."106" {(یان، لە قوتابخانە چۆن بوویت؟) یان- ناوی وەزیری پەروەردەیە}."107" (خۆشەویستی لەپێش سیاسەتەوە دێ)."108" (دەرسێکی گران کەوت)."109" (جاسوسە کوژراوەکە تاقیبکرابوو)."110" (ناچارکرا بە کەلەپچەوە بخەوێ)."111" {(OZZY: من نەمر نیم)."112" هونەرمەندێکی گەورەی جیهانە}. {(ملی سەگی باگگێس یان بڕی (مۆسیقا نووسێکی سوێدیە)}."113" لەو کاتەی ئەم سەردێرانەی سەرەوە بە فۆنتی ڕەش و قەڵەو دەخوێنیتەوە و لە هەمان کاتدا سەیری وێنە گەورەکان دەکەین دەبینین، تەواوی رۆژنامەکە، بە بابەتی زەرد پڕکراوەتەوە. رۆژنامەی ئەفتۆنبلادێت، رۆژنامەیەکی سەرتاسەری ئێوارانی سوێدە و لە ساڵی 1830 لەلایەن Lars Johan hiert هاتە دامەزراندن و لەوکاتەوە بەردەوام دەردەچێت و ئێستا رۆژانە نزیکەی 2,5 ملیۆن خوێنەری هەیە.

لە خوارەوە سەردێرەکانی هەمان رۆژنامەی زەردی سەرەوە ژمارەی پێنجشەم 9 ئەیلول 2010 وەك خۆی دەنووسینەوە: {(تۆ قەت بەمشێوەیە، فیلیپە و فرێدریکت نەبینیوە)

(سەرۆك وەزیران و خێزانەکەی)}."114" (لێرە پیاوە تەمەن 51 ساڵەکە لەناو میوانانی چێشتخانە کوژرا)."115" (شەڕی مافیا لەناوەندی چێشتخانەکان، لەکاتی سوپخواردن کوژرا)."116" (حزبی مۆدرات و ژیانی تایبەت)."117" (جوان نییە)."118" (خەونەکانمان بۆ بهێننە دی، ئەی سیاسەتمەداران)."119" {(فریدریک، زمانی هەڵبژاردنت چییە؟ (سەرۆك وەزیرانی سوێدە)}."120" (سوپەر پۆلیسەکان)."121" (مێیە: لەکاتی خۆیدا، لە نەخۆشخانە یارمەتی نەدرا)."122" (سکاڵا لەسەر بریتنی دەربارەی مومارەسەکردنی سێکس تۆمار دەکات)."123" (پرسیارکردنی نوێ لە سەکینە – کەس نازانێ لە پرسیارکردنەکانی دوایی بەرامبەر بە کامیرای ڤیدیۆ چی گوتووە)."124" (سێکسی لەناو پاس کرد و 5 هەزار کرۆن سزادرا)."125" (بێ مۆڵەت ماتۆری لێخوڕی و مرد)."126" (برادەرەکانی ئەویان کوشت)."127" ئەو ناونیشانانەی سەرەوە، هەندێك لەو بابەتانەبوو، کە فۆنتی رەش و قەڵەو لە ژمارەی ئەو رۆژ چاپکراین.

ئەو دوو ژمارەی سەرەوە من وەك نموونەی وەرمگرتوون، لەبەر ئەوە نییە، لەم دوو ژمارەیە نووسینی نێگەتیڤ یان زەرد زۆرە، بەڵکو رۆژنامەی AFTONBLADET تەواوی ژمارەکانی لەبەر ئەوەی زەردە، ناوەڕۆکی بەو شێوەی سەرەوە پڕ دەکاتەوە. ئەوان شەرم ناکەن، کە رۆژنامەکەیان خەریکی بڵاوکردنەوەی بابەتی زەردە، بەڵکو خۆیان ئەو ڕێڕەوەیان هەڵبژاردووەو رۆژانەش وەك لەسەرەوە نووسیمان دوو ملیۆن و نیو کەس دەیخوێنێتەوە. راگەیاندن لە سوێد پیشەسازییە و ئەوان ئەو بابەتانە بڵاودەکەنەوە، کە خوێنەری نەك تەنیا هەیە، بەڵکو زۆرە و قازانجی مادییشیان لێیەوە دەست دەکەوێ.

## ئەنجام:

هەبوونی راگەیاندنێك جگە لە راگەیاندنی حزبی و حکومی لە کوردستان زۆر پێویستە، لەلایەك پیشانی دەدات، سیستێمی هەڵبژاردن و دیموکراتییەت لە وڵاتی ئێمە هەیە و لەلایەکی دیکەش، بۆئەوەی جەماوەر، هەواڵ و زانیارییەکان تەنیا لەیەك لا و لەیەك سەرچاوە و بەیەك بیروبۆچوون وەرنەگرێ و بۆی هەبێ لەڕێگای دیکەش زانیاری بەدەست بگات.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئێمە لەسەر "پرێسی زەرد - Yellow Press " گەیشتینە ئەو راستییەی، کەلە کوردستان ئەمجۆرە پرێسە دەمێکە هەیە و لەژێر ناوی (راگەیاندنی ئەهلی) دەردەچێت، لەگەڵ ئەوەش، جەماوەر و دەستەڵات زانیاری پێویستیان لەسەر پرێسی زەرد نییە، بۆیە ئەگەر لە زووترین کات لە دەزگاکانی راگەیاندن، باس لە هەبوونی ئەمجۆرە پرێسە نەکرێ، ئەم دیاردە نوێیەی چاپەمەنی کوردی بۆ خوێنەران شینەکرێتەوە، بەدوور نازاندرێ، خەڵك زیاتر متمانە بە راگەیاندن نەکەن و لەنێوان راگەیاندنی جددی و زەرد لێیان تێکەڵ بێت. ئەمجۆرە تێکەڵبوونەش گەورەترین زیان بە راگەیاندنی کوردی دەگەینێ، چونکە پرێسی زەرد و جددی دوو ئامانجی تەواو لەیەکتر جیایان هەیە و لەناوەرۆکیش زۆر لەیەك دوورن.

لێکۆڵینەوە لەسەر پرێسی زەرد، بەیەك گوتار کۆتایی نایێت و ناتواندرێ مافی خۆی پێبدرێ، لەگەڵ ئەمەش، ئەم توێژینەوەیەی ئێمە، کردنەوەی پەنجەرەیەکە لەسەر ئەم بوارە نوێیەی راگەیاندن کوردی، بۆئەوەی پسپۆران لە داهاتوویێکی نزیك زیاتر دەوڵەمەندی بکەن. لەڕاستیشدا، پێویستە لێکۆڵینەوەی زیاتر و فراونتر لە ئاستی نووسینی نامەی ماستەر و دکتۆرا بکرێ، بۆئەوەی باشتر لە ئامانج و قوناغەکانی پێشوەچوونی پرێسی زەرد لە کوردستان تێبگەین، چونکە پەیوەندی بەهێز لەنێوان پرێسی زەرد و پەیرەوکردنی سیستێمی دیموکراتییەت هەیە. ئەگەر دیموکراتییەت نەبێ، دەرگای رەخنە دادەخرێ، لەوکات پرێسی زەردیش دەخنکێ و جەماوەر لە وەرگرتنی زانیاری بەنرخ بێبەش دەکرێ.

**الملخص**

بعد انتفاضة آذار عام 1991 وانتخابات اول برلمان كردستان العراق فى ربيع 1992، تحققت فرصة ملائمة لتطوير الصحافة الكردية، فعدا الصحافة الحزبية والحكومية، ظهر نوع ثالث مايسمى "بالصحافة الاهلية فى عام 2000" بعد ظهور اول صحيفة اهلية باسم (هاولاتى – المواطن) وفى ضل الحرية الاعلامية السائدة فى اقليم كردستان و معلنة ظهور الصحافة الصفراء، لان ظهور هذا النوع من الصحافة لها علاقة مباشرة بوجود حرية الرأى والتعبير والصحافة فى الوقت نفسه.

ان الصحافة الصفراء تظهر وتتطور فى الدول التى تتقبل انظمتها السياسية النقد، ويمكن فيها الحرية. مع ان الموضوعات المنشورة فى الصحافة الصفراء فى كردستان تختلف عن مثيلاتها فى دول العالم. لكن من حيث المبادئ والاهداف تكون متشابه.

تعد هذا البحث باسم:( الصحافة الصفراء – Yellow Press الظهور والمراحل)، من اولى البحوث المقدمة وذلك فى تاريخ الصحافة الكردية، بهدف ان تكون مصدراً علميا اكاديميا تاريخيا لطلاب الصحافة والصحف فى مستقبل القريب. هناك فى كردستان كما ذكر سابقا صحافة الصفراء، تنشر المقولات والاخبار بعيدا عند تدخلات الحكومة والسلطة لجماهيرها وفى قنواتها الاعلامية الخاصة.

تتمثل اهمية هذا البحث فى انه يتناول احد انواع الصحافة الكردية التى لم تلقى الاهتمام الكافى تحديداً باللغة الكردية من قبل. وتكمن هدف الباحث فى هذا البحث، فى خدمة الصحافة الكردية، لغرض كسب معلومات اكثر وفهم اعمق لهذا لتوسع من الصحافة الجديدة. وذالك لضرورة تنظيم عمل صحافة الصفراء فى مسارها العلمى والحقيقى والتحقيق فى كردستان العراق.

وقد استفاد الباحث من مجموعة المصادر باللغات: الكردية، الروسية، السويدية والانجليزية، وقد استفاد بالدرجة الاساس من الصحف والمجلات الكردية والسويدية كامثلة للبحث.

# ABSTRACT

After the March 1991 uprising and the first Kurdistan Parliament Elections in spring of 1992, a good opportunity was created for the development of the Kurdish press. In addition to the governmental and political parties' journalism and as a result of the freedom of expression in Kurdistan region, a new kind of journalism, called private journalism, had emerged in 2000 after the publication of the first private paper called *Hawlati*. Yellow press's appearance is directly related to the freedom of expression and journalism.

This research, "The Emergence of Yellow Press and Its Stages", is considered one of the first researches of its kind in the history of Kurdish press. It aims to be a scientific, academic, and historic source for the journalism students for the near future. As mentioned before, there is yellow press in Kurdistan and it publishes news and articles for its audiences through its media channels and without the interference of the government and the authorities. Yellow press appears in states where their political systems accept criticism. Although the principles and goals of yellow press in Kurdistan are similar to other countries around the world, the subjects of the yellow press in Kurdistan are different.

This research's importance lies in that it studies a type of Kurdish journalism-that is yellow journalism, which has not been paid enough attention to before in our Kurdish language researches. The researcher's aim in this study is to serve the Kurdish journalism and enrich it with new information and to deeply understand the expansion of this kind of new journalism in order to regulate its function and put it in its right track in Iraqi Kurdistan.

In his study, the researcher had utilized different sources in Russian, Swedish, English, and Kurdish languages. Also he used Kurdish and Swedish newspapers and magazines as examples.

**پەراوێزەکان:**

1- جەمال عەبدول. فەرهەنگی راگەیاندن. ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی، دەزگای سەردەم. 2006 سولەیمانی. ل. 696.

2- Joseph R. Dominick. The Dynamics of Mass Communication – Tenth Edition. P. 86

3- George Roman. Mass Media in a Changing World – Second Edition, 2009. P. 501

4- http://slovari.yandex.ru/желтая%20пресса/БСЭ/«Жёлтая%20печать

5- Marcel Danesi, Dictionary of media and communications. 2009, by M.E. Sharp, Inc.

6- Bob Franklin, Martin Hamer, Mark Hanna, Marie Kinsey and John E. Richardson. Key Concepts in Journalism Studies 2005, by SAGE Publications Ltd.

7- Stig Hadenius، Lennart Weibull. Massmedier. Falun, 2003. p.47

8- سەرچاوەی پێش. ل. 46

9- سەرچاوەی پێش. ل. 47

10- سەرچاوەی پێش. ل.47

11- سەپان مەغدید، دکتۆر. ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە (1450–1500). هەولێر، 2005 .- ل. 120–121

12- لە راستیدا، کاغەزی ڕۆژنامە لەسەرەتا رەنگی بۆرە و پاش ئەوەی ماوەیەك لەبەر رۆژ بۆ فرۆشتن دادەنرێ، بەرە و زەردی دەچێ، چونکە بۆ ڕۆژنامە لەبەر هەرزانی، خراپترین جۆری کاغەز بەکار دەهێندرێ. کاغەزی ڕۆژنامە لە کاغەزی گەراوە بۆ کارگە دروست دەکرێ، لەبەرئەوەی لە کاغەزی سپی هەرزانترە. کاغەزی رۆژنامە پێویست ناکات چۆنایەتی باش بێت، چونکە رۆژنامە: لە ماوەی 24 کاتژمێر زۆربەی هەواڵ و گوتارەکان دەنووسرێن، ئامادە دەکرێ، نەشخەسازی بۆدەکرێ، چاپدەکرێ، بڵاودەکرێتەوە، دەخوێندرێتەوە و فڕە دەدرێ...

ئەم کاغەزە زەرد و هەرزانەش بۆ ئەم ماوەیە باشە و خراپ نییە. لێرە زۆر بیر لە ژینگەش دەکرێتەوە، چونکە کاغەز بۆ جاری دووەم بەکار دەهێننەوە. ئەمە تەواوی تەمەنی کاغەز نییە و بەڵکو دوای بەکارهێنانی بۆ رۆژنامە، جارێکی دیکەش بۆ هەمان کارگە دەبردرێتەوە و ئەمجارە کارتۆنی لێ دروست دەکەن، بۆ جاری چوارەمیش کەلوپەلی و خانووی لێ دروست دەکەن، بۆیە کاغەز یەك تەمەنی نییە و بەلای کەم چوار تەمەنی هەیە.

13– یوسف پۆلیتزێر Joseph Pulitzer رۆژنامەنووسێکی ئەمریکییە و یەك لە داهێنەرانی رۆژنامەی زەردە و لە 19 نیسانی 1847 لە شاری ماکۆ لە هەنگاریا لەدایك بووە. لە تەمەنی گەنجی، دێنە شاری پۆداپێشت و لەوێنەدەر لای مامۆستای تایبەت دەخوێنی. دواتر بۆ ئەمریکا کۆچ دەکات و لە ساڵی 1878 لە رۆژنامەی St. Louis Post-Dispatch کە بەزمانی ئەلمانی لەلایەن ئەلمانەکان دەردەچوو وەك رۆژنامەنووسێك کاری کرد. لە ساڵی 1883 رۆژنامەی دووەمی بەناوی: The New York World دەکڕێ. لە 29 – 10–1911 دەمرێ و لەدوای خۆ 2 ملیۆن دۆلار بەجێدێڵێ. سێیەکی ئەم میراتە بۆ دامەزراندنی خوێندنی باڵای بۆ رۆژنامەنووس تەرخان کرا. ئەو برەپارەیی مایەوەش، ساڵانە لە ساڵی 1917 وە رۆژنامەنووسی ئەمریکای پێ خەڵات دەکرێ.

14- (William Randolph Hearst – 29– 4-1863– 14-8-1951) لە سانفرانسیسکۆ لەدایك بووە و باوکی یەك لە ملیۆنێرەکانی ئەمریکا بوو. هێرست، خۆی دیموکرات بوو زۆریش یارمەتی ماددی حزبی دەدا و لەکاتی پێویست قەرزیشی پێدەدان. هەر بەهۆی دیموکراتەکانیشەوە لەساڵی 1887 کرا بە سینات. هێرست لەکاتی خوێندنی لە زانکۆی هارڤارد، بیری بۆلای رۆژنامەی سکەنداڵ دەچوو. کەمێك پێش تەواوکردنی زانکۆ، گوتارێکی توندی دژ بە مامۆستایانی نووسی لە گۆڤاری هەمان زانکۆش بڵاوی کردەوە، دوای ئەمە لە زانکۆ دەرکرا. دواتر لای یوسف پۆلیتزێر لە رۆژنامەی The New York World وەك رۆژنامەنووسێك دەستی بەکار کرد. ئەو بەمشێوەیە کاری رۆژنامەنووسی دەستپێکرد و دواتر لەگەڵ هەمان کەس، لەسەر بازاری رۆژنامە، موونافەسەری توند پەیدا دەبێت و بە ئاشکرا شەڕی پۆلیتزێر دەکات و لە ئەنجامیش هەر ئەو بردییەوە. لە ساڵی 1935 سەرمایەی بە 200 ملیۆن دۆلار مەزندە دەکرا. لە ساڵی 1940 بووە خاوەنی 25 رۆژنامەی رۆژانە، 24

هەفتەنامە، 12 ئێزگەی رادیۆ، 2 ئاژانسی دەنگوباسی جیهانی. لە 14-8-1951 کۆچی دوایی دەکات. بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم ماڵپەرە بکە:

http://Журналистика\Yallo press and Lead\Херст, Уильям Рэндольф — Википедия.mht

15- http://en.wikipedia.org/wiki/Richard_F._Outcault-
16- http://en.wikipedia.org/wiki/Yellow_journalism- یان
http://en.wikipedia.org/wiki/New_York_Press_historical
17- http://en.wikipedia.org/wiki/Yellow_journalism#Origins:_Pulitzer_vs._Hearst
18- http://www.po4emu.ru/content_categor/raznoe/171.htm
19- http://en.wikipedia.org/wiki/Yellow_journalism#Origins:_Pulitzer_vs._Hearst
20- http://www.spartacus.schoolnet.co.uk/BUharmsworth.htm
21- http://en.wikipedia.org/wiki/George_Newnes
22- http://www.Журналистика\Yallo press and Lead\Жёлтая пресса — Википедия.mht
23- http://www.journalisten.se/ledare/21504/vi-maste-reparera-foertroendet-foer-medierna
24- Helena Giertta. Journalisten.se. 2009.12.03.
25- هەفتەنامەی رووداو. ژمارە 128- رێکەوتی 30-8-2010. ل.1
26- سەرچاوەی پێش. ل.1
27- سەرچاوەی پێش. ل.1
28- سەرچاوەی پێش. ل.1
29- سەرچاوەی پێش. ل.4
30- سەرچاوەی پێش. ل.9
31- سەرچاوەی پێش. ل.12
32- سەرچاوەی پێش. ل.12
33- سەرچاوەی پێش. ل.13
34- سەرچاوەی پێش. ل.13
35- سەرچاوەی پێش. ل.13
36- هەفتەنامەی رووداو. ژمارە 130. رێکەوتی 20-9-2010 ل.1
37- سەرچاوەی پێش. ل.1
38- سەرچاوەی پێش. ل.1
39- سەرچاوەی پێش. ل.2
40- سەرچاوەی پێش. ل.2
41- سەرچاوەی پێش. ل.11
42- سەرچاوەی پێش. ل.12
43- سەرچاوەی پێش. ل.12

44- سەرچاوەی پێش. ل.12
45- سەرچاوەی پێش. ل.12
46- سەرچاوەی پێش. ل.13
47 سەرچاوەی پێش. ل.13
48- سەرچاوەی پێش. ل.13
49- سەرچاوەی پێش. ل. 15
50- http://83.169.12.202/K_Zaniary.aspx?Jimare=1
51- ڕۆژنامەی هاوڵاتی. ژمارە 666. ڕێکەوتی 26-9-2010. ل.1
52- سەرچاوەی پێش. ل.1
53- سەرچاوەی پێش. ل.1
54- سەرچاوەی پێش. ل.1
55- سەرچاوەی پێش. ل.1
56- سەرچاوەی پێش. ل.1
57- سەرچاوەی پێش. ل.1
58- سەرچاوەی پێش. ل.3
59- سەرچاوەی پێش. ل.3
60- سەرچاوەی پێش. ل.3
61- سەرچاوەی پێش. ل.4
62- سەرچاوەی پێش. ل.5
63- سەرچاوەی پێش. ل.6
64- سەرچاوەی پێش. ل.7
65- سەرچاوەی پێش. ل.8
66- سەرچاوەی پێش. ل.9
67- سەرچاوەی پێش. ل.16
68- سەرچاوەی پێش. ل.20
69- www.lvinpress.com
70- گۆڤاری لڤین. ژمارە 138. ڕێکەوتی 10-9-2010. ل.10
71- سەرچاوەی پێش. ل. 13
72- سەرچاوەی پێش. ل. 18
73- سەرچاوەی پێش. ل. 20
74- سەرچاوەی پێش. ل. 22

75- سەرچاوەی پێش. ل. 30
76- سەرچاوەی پێش. ل. 35
77- سەرچاوەی پێش. ل. 40
78- سەرچاوەی پێش. ل. 42
79- سەرچاوەی پێش. ل. 44
80- سەرچاوەی پێش. ل. 47
81- سەرچاوەی پێش. ل. 48
82- سەرچاوەی پێش. ل. 21
83- سەرچاوەی پێش. ل. 43
84- گۆڤاری لڤین. ژمارە 139. ڕێکەوتی 20-9-2010. بەرگی دەرەوە
85- سەرچاوەی پێش. ل. 5
86- سەرچاوەی پێش. ل. 7
87- سەرچاوەی پێش. ل. 20
88- سەرچاوەی پێش. ل.24
89- سەرچاوەی پێش. ل.30
90- سەرچاوەی پێش. ل.35
91- سەرچاوەی پێش. ل. 36
92- سەرچاوەی پێش. ل.49
93- سەرچاوەی پێش. ل. 35
94- سەرچاوەی پێش. ل. 34
95- Paul Ronge. När janne Josefsson Ringer.Falun, 2009. p. 42
96- سەرچاوەی پێش. ل.8
97- SVENSKA DAGBLADET. Tisdag. 7 september 2010 p.1
98- سەرچاوەی پێش. ل. 5
99- سەرچاوەی پێش.ل.13
100- سەرچاوەی پێش.ل.15
101- سەرچاوەی پێش.ل.19
102- AFTONBLADET. Tisdag. 7 september 2010 p.2
103- سەرچاوەی پێش. ل. 6-7
104- سەرچاوەی پێش. ل. 8-9
105- سەرچاوەی پێش. ل. 10-11

106– سەرچاوەی پێش. ل. 14–15
107– سەرچاوەی پێش. ل. 16–17
108– سەرچاوەی پێش. ل. 20–21
109– سەرچاوەی پێش. ل. 26
110– سەرچاوەی پێش. ل. 30
111– سەرچاوەی پێش. ل. 32
112– سەرچاوەی پێش. ل. 40
113– سەرچاوەی پێش. ل. 42
114- AFTONBLADET. Tisdag. 9 september 2010 p.1
115– سەرچاوەی پێش. ل. 1
116– سەرچاوەی پێش. ل. 6–7
117– سەرچاوەی پێش. ل. 8–9
118– سەرچاوەی پێش. ل. 10
119– سەرچاوەی پێش. ل. 11
120– سەرچاوەی پێش. ل. 14–15
121– سەرچاوەی پێش. ل. 18–19
122– سەرچاوەی پێش. ل.20
123– سەرچاوەی پێش. ل. 22
124– سەرچاوەی پێش. ل. 24
125– سەرچاوەی پێش. ل. 40
126– سەرچاوەی پێش. ل. 44
127– سەرچاوەی پێش. ل. 48

## سەرچاوە لەگەڵ ئەو کتێبانەی

## بۆ ئەم توێژینەوەی سوودم لێ وەرگرتوون

**بەزمانی سوێدی:**

1- Björn Nöljer. Så snickar du en tidningsartikel. Borås, 1994
2- Catharina Grunbaum. Språkbladet. Borås, 1998
3- Lars J Hulten. Journalistikens villkor. Borå, 1993
4- Maria-Pia Boethuius. Mediernas svarta bok. Falun, 2001
5- Marshall McLuban. Media. Falun, 1999
6- Paul Ronge. När janne Josefsson Ringer.Falun,2009.
7- Rune pettersson. Rubriker. Nyköping, 2003
8- Stig Hadenius، Lennart Weibull. Massmedier. Falun, 2003
9- Sören Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm, 1985
10- Åke Edwardson، Kenth Andreasson، per andersson-Ek. Göra tidning. Värnamo, 1998

**بەزمانی روسی:**

1- Ворошилов В. В. Журналистика. СПб., 1999
2- Головня И. А. С чего начиналась фотография. М., 1991
3- Гуревич С. М. Номер газеты. М., 2002.
4- Засорина Т، Федосова Н. Профессия – журналист. Ростов н/д; 1999
5- Корконосенко С. Г. Основы творческой деятелъности журналиста. СПб, 2000
6- Лазутина Г. В. Профессионалъная этика журналиста. М, 1999
7- Лазутина Г. В. Основы творческой деятельности журналиста. М., 2000
8- Мельник Г. С. Mass-media: Психологические процессы и эффекты.СПб,- 1996
9- Михайлов С. А. Журналистика стран северной европы. СПб., 2003
10- Накорякова К. М. Литературное редактирование. М., 1994
11- Самолетов С. А. Дизайн современной газеты. СПб., 1998
12- Сапан М. Печать курдской диаспоры: история и современное состояние. СПб., 1998

**بەزمانی کوردی:**

**1-** سەپان مەغدید، دکتۆر. ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە (1450-1500)

کۆڕی زانیاری کوردستان- هەولێر، 2005

2- **د. حەبیب کەرکوکی. هونەری رۆژنامەنووسی. وەرگێرانی/ سەمیرە ئەحمەد.**

3- **تۆماس ئێل ماکفیل. تیۆر – ئاراستە – خاوەندارێتی. وەرگێرانی/ هەندرێن شێرزاد.**

4- جەمال عەبدول. فەرهەنگی راگەیاندن. ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی، دەزگای سەردەم. 2006 سولەیمانی.

**بەزمانی ئینگلیزی:**

1- Bob Franklin, Martin Hamer, Mark Hanna, Marie Kinsey and John E. Richardson. Key Concepts in Journalism Studies 2005, by SAGE Publications Ltd.

2- George Roman. Mass Media in a Changing World – Second Edition, 2009.

3- Joseph R. Dominick. The Dynamics of Mass Communication – Tenth Edition. 2008.

4- Marcel Danesi, Dictionary of media and communications. 2009, by M.E. Sharp, Inc.

**ماڵپەری زیاتر:**

1.http://ru.wikipedia.org/wiki/%D0%96%D1%83%D1%80%D0%BD%D0%B0%D0%BB%D0%B8%D1%81%D1%82%D0%B8%D0%BA%D0%B0

2.http://ru.wikipedia.org/wiki/%D0%96%D1%91%D0%BB%D1%82%D0%B0%D1%8F_%D0%BF%D1%80%D0%B5%D1%81%D1%81%D0%B0 Жёлтая пресса

3. http://krylslova.ru/index.php?a=term&d=1&t=1410